# گۆڤاری پێشڕەو

کرێکارانی جیهان یەکگرن!

۴۷۹

گۆڤاری پێشڕەو – ئۆرگانی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەوری سێهەم – ژمارە ۴۷۹ – سەرماوەزی – نۆڤەمبری ۲۰۲۵


سەروتار

## بەیاننامەی سیاسیی پلینۆمی چوارەمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران جیهان، هێشتا لە قۆناغی وەرچەرخاندایە

جیهانی سەرمایەداری لەگەڵ یەکێک لە قووڵترین قەیرانەکانی تەمەنی خۆیدا ڕووبەڕووە. ئەو نەزمە نێونەتەوەییەی دوای جەنگی دووەمی جیهانی بە هەژمۆنی ئەمریکا شکڵی گرتبوو، لەناو دڵی قەیرانێ سەرمایەداریدا—کە خۆی لە پەرەسەندن و جیهانگیربوونی قەیرانی ئابووری، ناوەرۆکی مفتەخۆریی سەرمایەی دارایی، شکستی سەرمایەداریی دەوڵەتی و بنبەستی جیهانگیریی نیولیبراڵیدا نیشاندابوو—گەیشتووتە کۆتاییی ڕێگا. ئەم سیستەمە، کە لەسەر پایەکانی وەک نەتەوە یەکگرتووەکان، بانکی جیهانی، سندوقی نێودەوڵەتیی دراو، هەژموونی ئەمریکا وەک هێزی باڵادەستی ئابووری و سەربازی، و دارشتنی چوارچێوە یاساییەکان لە دەوری چەمکگەلێکی وەک «سەروەریی نیشتمانی» بۆ ڕێگرتن لە جەنگی گەورە و ڕێکخستنی کێبڕکێی زلهێزەکان بنیات نرابوو، بەتەواوی داڕماوە. چونکە نەزمی دوای جەنگی جیهانی دووەم، ڕەنگدانەوەی هاوسەنگی هێزی نێوان بلۆکەکانی سەرمایەداری بوو لە ساڵی ١٩٤٥ و دواتریش هاوسەنگی هێز لە جیهانی دووجەمسەریی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لە سەردەمی جەنگی سارددا، نەک ڕەنگدانەوەی واقعییەتی سەردەمی ئێستا کە تێیدا سەرهەڵدانی چین و نەخشە ستراتیژییەکانی، شانبەشانی هاتنەمەیدانی بلۆکەکانی دیکەی هێز، هاوکێشەکەیان بەتەواوی گۆڕیوە.

ئەم داڕمانەی نەزمی جیهانی، بە ڕوونی خۆی لە بێبایەخبوونی ئەنجومەنی ئاسایش و بێتوانایی لە ئاست قەیرانەکانی وەک سووریا، ئۆکراین و غەززەدا دەنوێنێت. هەروەها لە لاوازبوونی شەرعیەتی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان و پشتگوێخستنی بڕیارەکانی دادگای نێودەوڵەتیی داد یان ئەنجومەنی مافی مرۆڤ سەبارەت بە جینۆسایدی دەوڵەتی ئیسرائیل لە غەززە، لە کزبوونی هەژموونی ئەمریکا لە لوتکەی ناتۆدا بەهۆی سەرهەڵدانی بەهێزی چین، گەڕانەوەی ڕووسیا، بەهێزبوونی ئەکتەرە ناوچەییەکان، لە کۆتاییهاتنی سیستەمی تاکجەمسەری، گەیشتنە بنبەستی جیهانگیریی نیولیبراڵی و لە هەڵگیرسانی جەنگی تەعرەفەکاندا دەبینرێت. لە جەرگەی ئەم داڕمانەدا، چەمکەکانی وەک دیموکراسی و مافی مرۆڤ لە کردەوەدا بوونەتە تەنها چەکێک بۆ مەشرووعییەتدان بە




**گەڕان بەدوای دەریچەیەک بۆ دیالۆگ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی،**

**لە ڕێگای درۆ و چەواشەکردنی مێژووی کۆمەڵەوە؛**

**ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

**بە بۆنەی ٢٥ی نۆڤەمبر، ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان**

**ڕاگەیەندراوی شورای هاوکاریی**

**هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان بە بۆنەی ٢٥ی نۆڤەمبر**



**ژنکوژی و پێویستیی گۆڕانکاریی بنەڕەتی**



**گەشەی مانگرتن و نارەزایەتییە کرێکارییەکان لەسەر بەستێنی پەرەسەندنی هەژاری و گرانی**

**مافیای حکومەتی ئیسلامی، هۆکاری سەرەکیی قەیرانی ئاو**

**پرسی نەتەوەیی کورد حەقیقەتێکی عەینی و بابەتی**

**دەستدرێژی، پارێزبەندی و دەسەڵات**

**بەیادی ئاخێزی خەزەڵوەری ٩٨**

شەڕە ئیمپریالیستییەکان و پەردەیەک بۆ داپۆشینی بەدیلە بۆرژواییە ساختەکان لە وڵاتە قەیرانلێدراوەکاندا

بەردەوامی ئەم قەیرانە ئابوورییە و ئیفلیجبوونی نەزمی نێودەوڵەتی، قەیرانی ژیۆپۆلیتیکی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەمریکای لاتین، ئەفریقا و گۆشە و کەنارەکانی جیهاندا قووڵتر کردووەتەوە. چونکە نەزمی کۆنی ئیمپریالیستی لە کردەوەدا لەکارکەوتووە و نەزمێکی نوێش هێشتا لەدایک نەبووە، جیهان هێشتا لە پرۆسەیەکی گواستنەوەدایە بەرەو جێگیربوونی جیهانێکی فرەجەمسەر دەڕوات. لە ئەنجامدا، شایەدی بشێوی ناوچەیی، شەڕی نیابەتی، کێبڕکێی توندی بلۆکەکان و قەیرانی شەرعیەتی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانین. لەسەر بەستێنی داڕمانی نەزمی جیهانی دوای جەنگی جیهانی دووەم، کە جینۆسایدی دەوڵەتی ئیسرائیل لە غەززە بە پشتیوانیی ئەمریکا و هاوپەیمانە ئەوروپییەکانی، دوا بزماری لە تابووتەکەی دا، جیهان ڕووبەڕووی سەرهەڵدانی شەپۆلێکی نیۆفاشیزم لە کۆشکی سپیی ئەمریکادا بووەتەوە. ئیدارەی ترەمپ ماسکی لیبراڵیزمی بەیەکجاری فڕێ داوە و بە ئاشکرا پشتیوانی لە ڕاسترەوە توندڕەوەکانی جیهان و نیۆفاشیستەکان دەکات بەپێچەوانەی دەیەی ١٩٣٠ کە ئەمریکا لەگەڵ هاوپەیمانەکانی لە دژی فاشیزمی هیتلەر لە ئاڵمان وەستایەوە، ئەمڕۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان بە پشتیوانی بێ ئەملاوئەولای لە دەوڵەتی فاشیستی ئیسرائیل و کۆمەڵکوژییەکەی لە غەززە و درێژەدان بە داگیرکردنی غەززە بە نوێنەرایەتی نەتانیاهۆ، سەرکردایەتی و پشتیوانیی ڕەوتە نیۆفاشیستییەکانی لە سەرانسەری جیهاندا گرتووەتە ئەستۆ. ئەم دۆخە ئاکامی بەرینی لە بوارەکانی سیاسی، ئایدیۆلۆژی و ژینگەییدا لێکەوتووەتەوە

ئێستا بە شێوەیەکی بابەتییانە جیهان بووەتە فرەجەمسەر. دەسەڵاتەکانی وەک چین، ئەمریکا، ڕووسیا، هیند، ئەورووپا و ئەکتەرە ناوچەییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەمریکای لاتین و ئەفریقا لە کێبڕکێدان. ئەم دەسەڵاتانە لە ڕێگەی ئەو بلۆکانەی کە پێکیان هێناوە، بۆ گێڕانی ڕۆڵی زیاتر لە پێناسەکردنەوەی سیستەمی جیهانیدا درێژە بە کێبڕکێی خۆیان دەدەن. هێشتا هاوسەنگیی هێز و سنوورەکانی ناوچەی نفوزی نێوان ئەم هێز و بلۆکانە جێگیر نەبووە، هێشتا سیستەمێکی نوێ لەدایک نەبووە و هەر ئەم ناجێگیرییە، سروشتی ڕاگوزەربوونی ئەم قۆناغە دەردەخات، قۆناغێک کە تێیدا دێوەزمەکانی وەک ترەمپ و نەتانیاهۆ سەریان هەڵداوە. ئەوەیکە لەئێستادا ئاشکرا و ڕوونە ئەوەیە کە بلۆکە سیاسی و ئابوورییەکانی وەک «بریکس»، «ڕێکخراوی هاوکاریی شانگهای»، «یەکێتیی ئەورووپا»، «جی ۷» و «جی ٢٠» درێژە بە مانەوەی خۆیان دەدەن، بەڵام هاوسەنگی هێز لە نێوانیاندا لە گۆڕاندایە. لەم کێبڕکێیانەدا، «بریکس» بە ڕابەرایەتیی چین و بە پرۆژەی «پشتێن و ڕێگا»وە، گرنگییەکی زیاتر لە داڕشتن و پێناسەکردنەوەی سیستەمی جیهانیدا بەدەست دەهێنێت

لە نێو ئەم بلۆکبەندی و کێبڕکێیانەدا و لەم قۆناغە گوزارەدا هێشتا ڕوون نییە کە ئایا جیهانی فرەجەمسەر دەتوانێت جێگیر بێت، یان جیهان بەرەو پێکهاتەیەکی پشێوی هەنگاو دەنێت، واتە بەردەوامبوونی بێتوانایی لە کۆنترۆڵکردنی قەیرانەکانی کەشوهەوا، کۆچ، وزە و تەکنەلۆژی و چڕبوونەوەی ململانێ ناوچەییەکان. بەڵام جیهانی سەرمایەداری بەرەو هەر لایەک بڕوات، ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە بۆشایی نێوان هەژاری و دەوڵەمەندی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ قووڵتر دەبێتەوە و هەژاری و نایەکسانی بە ڕادەیەکی بێوێنە پەرەدەستێنێت. بێگومان لەژێر ئەم بارودۆخەدا، مانگرتن و ناڕەزایەتییە کرێکارییەکان و بزووتنەوە جەماوەرییەکان دژی ئەم هەژاری و نایەکسانییە و دەستدرێژیی دەوڵەتەکان بۆ سەر کار و ژیان و گوزەرانی کرێکاران، دژی دەستبردن بۆ ئازادییە سیاسییەکان و کوشتار و کۆمەڵکوژی و لەناوچوونی ژینگە لە سەرانسەری جیهاندا پەرە دەستێنێت. بزووتنەوەی سۆسیالیستی و ئینتەرناسیۆنالیستی چینی کرێکار لەم قۆناغە مێژووییەدا و لەسەر بنەمای گەشەی خەباتی کرێکاری و بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکان، ئەم دەرفەتەی لەبەردەمدایە کە لە دۆخی بەرگرییەوە بێتە دەرەوە، ڕێبازێکی هێرشبەرانە بگرێتە بەر و ببێتە جەمسەرێکی سیاسی بەهێز. پێکهێنانی حیزبە کۆمۆنیستە شۆڕشگێڕەکان، کە بتوانن خەباتە هەنووکەییەکانی کرێکاران دژی دەستدرێژیی سەرمایە و بۆ باشترکردنی هەلومەرجی کار و ژیانیان، لەگەڵ ستراتیژی شۆڕشی کرێکاری و سۆسیالیستیدا تێکەڵ بکەن و بزووتنەوەکانی مانگرتن و ناڕەزایەتی لە کۆمەڵگادا بگۆڕن بۆ بزووتنەوەیەکی سیاسی بەهێز دژی دەوڵەتە سەرمایەدارییەکان، یەکێکە لە پێشمەرجەکانی پێشڕەویی بزووتنەوەی سۆسیالیستی چینی کرێکار لەم قۆناغەدا

## پێگەی کۆماری ئیسلامی

لەسەر بەستێنی بارودۆخی ئاڵوزی جیهان و ناوچەکە و شکستی سیاسەتە ستراتیژییەکانی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، فشارەکانی ئەمریکا و دەوڵەتانی ئەوروپا بۆ سەر ڕژیم بە ئامانجی هەڵوەشاندنەوەی بەرنامە ئەتۆمییەکان، ڕاگرتنی بەرهەمهێنانی مووشەکە بالیستیکە دوورهاوێژەکان، کۆتاییهێنان بە ناردنی یارمەتی نیزامی و دارایی بۆ «هێزە نیابەتییەکان»، دانوستانی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەمریکا و لە یەک کەلامدا، بۆ بەچۆکداهێنانی، توندتر کراوەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، حکومەتی ئەمریکا لە سەرووی ناتۆ و هاوپەیمانەکانی لە ئەوروپا، هێشتا سیاسەتی ڕووخاندنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامییان نییە. ئەم هەلومەرجە لە ژێر سێبەری هەڕەشەکانی شەڕی ئیسرائیل و ئەمریکادا، دۆخی «نە شەڕ، نە ئاشتی»ی درێژ کردووەتەوە

لە ناوخۆی ئێرانیشدا، قووڵبوونەوەی قەیرانی ئابووری، ڕانتخۆری و گەشەی باندە مافیاییەکان لەناو پێکهاتەی دەسەڵات، گەندەڵی دامەزراوەیی، دەرەنجامی کاراکردنەوەی میکانیزمی ماشە و توندتربوونەوەی گەمارۆ نێونەتەوەییەکان، هەڵاوسان و گرانی و بێکاری بێوێنە، قەیرانی ژینگەیی لە کۆنترۆڵ دەرچوو، وە داماویی دەوڵەتی وفاقی میلیی پزیشکیان لە دابینکردنی نان و ئاو و بەرق و هەوای پاک، قووڵاییەکی زیاتری بە قەیرانە هەمەلایەنەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بەخشیوە. ئەم قەیرانانە، هاوکات لەگەڵ قەیرانی مەشرووعییەت و حەتمیبوونی گەشەی بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و ناڕەزایەتییەکانی دیکە، قەیرانی حکومەت و ململانێی باڵەکانی دەسەڵاتی خستووەتە قۆناغێکی چارەنووسسازەوە

ڕێفۆرمخوازان و میانڕەوەکانی حکومەت لەناو پێکهاتەی سیاسی دەسەڵاتدا ئاڵای دانوستانی ڕاستەوخۆ و خۆبەدەستەوەدانیان لە بەرامبەر ئەمریکا و زلهێزە ئەوروپییەکانبەرز کردووەتەوە و مانەوەی نیزامە ئیسلامییەکەیان لە گرەوی سازان بە هەر قیمەتێک و لابردنی گەمارۆکاندا دەبینن. بناژۆخوازە توندڕەوەکان و باڵی ‹پایەداری› لە بەرامبەر ئەم فشارانەدا، لەسەر ئەوپەڕی موقاوەمەت پێداگری دەکەن. کادری ڕێبەریی سپای پاسداران، کە سەرچاوە و ئامرازە سەرەکییەکانی دەسەڵاتی بەدەستەوەیە و ئاگاداری ئەو ڕاستییەیە کە هاوسەنگی هێز بە بەراورد بە دە ساڵ پێش ئێستا کە ڕێککەوتنی «بەرجام» واژۆ کرا، بەتەواوی لە زیانی کۆماری ئیسلامیدا گۆڕاوە، لە واقیعدا شکستی قبووڵ کردووە و بەدوای سازانێکی ئابڕوومەندانەوەیە. سپا بە ڕوانگەی سازان، نەک خۆبەدەستەوەدان، لە هەوڵدایە، تاکوو بتوانێت بۆ درێژەدان بە مانەوەی نیزامی ئیسلامی، «ئیعتبار»ە لەدەستچووەکەی و سیمای شکستخواردووی ڕژیم لە شەڕی دوازدە ڕۆژەدا نۆژەن بکاتەوە و ناسیۆنالیزمی پاوانخوازی ئێرانی لەپشت خۆیەوە بەڕیز بکات. بەم حاڵەوە هەتا کاتێک سپای پاسداران کە ئامرازە سەرەکییەکانی دەسەڵاتی بەدەستەوەیە، فۆرموولێکی موعجزەئاسای سازشی ئابڕوومەندانە یان قارەمانانە کە هاوکات دەبێ لەلایەن ترامپیشەوە قبووڵ بکرێ نەبینێتەوە، فشارەکانی ئەمریکا هەروا درێژەی هەیە. باڵەکانی حکومەت کە لە هەڵسووکەوت لەگەڵ ئەمریکا و ڕۆژئاوادا ڕوانگەی جیاوازیان گرتووەتەبەر، بەڵام ڕوو لە خەڵک و دوژمنی ناوخۆیی، شمشێریان لە ڕووە بەستووە و لە دەوری ستراتیژیی سەرکوت وەک ڕەمزی مانەوەی نیزامی ئیسلامی، یەکگرتوو و هاودەنگن. بەم حاڵەوە سەرەڕای بەردەوامبوونی سەرکوت، کۆمەڵگا چاوترسێن نەبووە و ئاسۆی پەرەسەندنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و ناڕەزایەتییەکان، سەرانی ڕژیمی تووشی ترس و دڵەڕاوکێ کردووە

بزووتنەوەی کرێکاری، بزووتنەوەی ژنان، بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان و بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکانی دیکە لە ژێر کەشوهەوای سەرکوتی پۆلیسی دەزگای دەسەڵاتدارادا و دوای ئەو وەستانەی کە شەڕی دوازدە ڕۆژە دروستی کرد، درێژەیان بە ڕەوتی پێشڕەوی خۆیان داوە. بزووتنەوەی کرێکاری بە زیاتر لە دوو هەزار مانگرتن و ناڕەزایەتی لە ساڵدا، پڕجووڵەترین و زیندووترین بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیی ئێرانە و کاریگەریی لەسەر کەشی کۆمەڵگا و بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکانی دیکە داناوە. بزووتنەوەی ژنان نەک تەنها لە قەوارەی بزووتنەوەی خانەنشینان، مامۆستایان، پەرستاران، زیندانیانی سیاسی و بنەماڵە دادخوازەکاندا، بەڵکوو بە

شکستهێنان بە یاسایکۆنەپەرستانەی حیجاب و عیفاف، سیمای شەقام و شارەکانی ئێرانی گۆڕیوە. بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان، هەر چەند وەخت جارێک بە داهێنانی نوێ، زیندوویی و پێشەنگبوونی خۆی بە رووی ماشێنی سەرکوتی ڕژێمدا دەکێشێت. بزووتنەوەی خوێندکاری بەردەوام درێژە بە خەبات و خۆڕاگری دەدات. زیندانیانی سیاسی بە ڕێکخستنی کەمپەینی «سێشەممەکانی نا بۆ لەسێدارەدان»، لەپشت میلەکانی زیندانەوە، خەباتیان دژی سزای لەسێدارەدان خستووەتە قۆناغێکی نوێوە. مانگرتنی زیاتر لە ١٥٠٠ زیندانی لە قزڵحەسار دژی سزای لەسێدارەدان و هاوپشتیی زیندانیانی دیکە و بنەماڵەکانیان لەگەڵ ئەم مانگرتنە، خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە بزووتنەوەی خەبات لەدژی سزای ئێعدام. بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە لە بواری ڕێکخراوبوونیشدا پێشکەوتنیان بەخۆوە بینیوە. هاوکات، کۆمەڵێکی بەرین لە چالاکان و ڕێبەرانی ڕادیکاڵ و سۆسیالیستی بزووتنەوەی کرێکاری کە لە جەرگەی ڕێکخستنی نارەزایەتی و مانگرتنەکاندا هاتوونەتە مەیدان، ماتریالی ئینسانیی پێکهێنانی ڕێبەرایەتییەکی سەرتاسەرییان فەراهەم کردووە

## ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوایی

بەردەوامبوونی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێران و ڕادیکاڵبوونەوەیان و ڕەوتی خێرای گۆڕانکارییەکان لە ناوچەکەدا، ماهییەتی سیاسی و چینایەتی هێزە ئۆپۆزیسیۆنە بۆرژواییەکانی تا ڕادەیەک ڕوونتر کردووەتەوە. ڕاستی توندڕەوی سەڵتەنەتخواز کە بە کۆنفرانسی جۆرج تاون و بڵاوکردنەوەی «مەنشووری مەهسا»، لە پشتەوە خەنجەری لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا دا، لەم دواییەدا پاش بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتێکی لێکۆڵینەوەی میدیای ئیسرائیلی «ها ئارتس» زیاتر لە جاران ڕیسوا بوون و پەراوێزخراون. لە ڕاپۆرتەکەدا ئاشکرا کراوە کە ڕێکخراوێکی ناحکومی لە ئیسرائیل، بە پاڵپشتی دارایی دەوڵەتی نەتانیاهۆ و بە بەکارهێنانی ژێری دەستکرد و هەژماری ساختە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، تەبلیغ و پڕوپاگەندەیان بۆ ڕەزا پەهلەوی کردووە

بەشی سەرەکی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوایی ئێران، لە لایەنە کۆماریخوازە لائیک و سێکولارەکان، ڕێکخراوەکانی جبهەی میللی، سۆسیال دیموکراتەکان و نیولیبراڵە لایەنگرەکانی ڕۆژئاوا پێکدێت کە توێژێکی بەرین و ڕەنگاوڕەنگن. جەختکردنەوەی ئەم بەشە لە ئۆپۆزیسیۆن لەسەر تێپەڕینی ئاشتییانە و دووری کردن لە توندوتیژی، ناوی نێهنی ئەوانە بۆ دژایەتیکردنی شۆڕش. ئەمانە لە بزووتنەوەی کرێکاری و شۆڕش، زیاتر لە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی دەترسن. کاتێکیش باس لە ڕووخاندن دەکەن، مەبەستیان ڕووخاندنی «نەرم و مەخمەلی» بە یارمەتیی هێزە ئیمپریالیستییەکان و دەستاودەستکردنی دەسەڵاتە لە سەرووی خەڵکەوە. دوو پایەی سەرەکی سیاسەتی ستراتێژیی هەموو هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوایی پاراستنی ئەرتەش و سپای پاسداران و پێکهاتەی بورۆکراسی دەوڵەتی و هەوڵدان بۆ نەجاتی موناسباتی سەرمایەدارییە. بەشێک لە بۆرژوازیی ئێران، کۆمەڵێکی بەرین لە ڕیفۆرمخوازانی حکوومەتی و توێژەکانی سەرەوەی وردەبۆرژوازی، بنکەی کۆمەڵایەتی ئەم هێزانە پێکدەهێنن. ئەم بەشە لە ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی، بە پشت بەستن بە ئاراستەی ڕاست لەناو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا، ستراتێژیی خۆی دەباتە پێشەوە؛ لە کوردستان حیزبە ناسیۆنالیستەکان بنکەی نفوزی ئەوانن. ئەم بەشە لە ئۆپۆزیسیۆن، بەهۆی ئەو بنکە کۆمەڵایەتییەی هەیانە، ڕکابەری سەرەکی بزووتنەوەی سۆسیالیستی چینی کرێکارن لە خەبات بۆ دیاریکردنی چارەنووسی دەسەڵاتی سیاسی لە گۆڕانکارییەکانی داهاتوودا. خاڵی لاوازی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوایی ئێران، هەر ئەو بەرنامە ئابوورییانەیە کە هەیانە. بەدیلی ئەم ڕەوتانە بۆ ئێرانی دوای کۆماری ئیسلامی، پاراستنی پەیوەندییە سەرمایەدارییەکانە بە بەڕێوەبردنێکی غەیرە ئیسلامی و لەژێر پەردەی مافی مرۆڤدا. ئەوان لە ڕاستیدا دەیانەوێت دیکتاتۆری غەیرەدینی و سیاسەتە نیولیبراڵییەکان، وە درێژەی هەرزانفرۆشکردنی هێزی کاری کرێکار بە مودێرنیەتی غەیرەئیسلامی، وەک ئاکام و دەرئەنجامی شۆڕش، بۆ کرێکاران و چینە ژێردەستەکان بەدیاری بێنن. کۆنفرانسی نێونەتەوەیی «مافی مرۆڤ لە ئێرانی پاش کۆماری ئیسلامی» کە لە ڕۆژانی شەممە و یەکشەممە ٢٧ و ٢٨ی ڕەزبەری ١٤٠٤، بەرامبەر بە ١٨ و ١٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٥ لە ئۆسلۆی پایتەختی نۆروێژ بەڕێوە چوو، نوێترین هەوڵی ئەم بەشە لە هێزە بۆرژواییەکان بوو بۆ تەمرینی دروستکردنی ئەڵتەرناتیڤ لە ژێر پەردەی مافی مرۆڤدا

## ئاراستە و ئەرکی کۆمۆنیستەکان

بەو پێیەی کە هەڵسەنگاندنی دینامیزمی شۆڕش لە ئێران و ئەزموونی سەرجەم شۆڕشەکانی سەدەی بیستەم و ڕاپەڕینە شۆڕشگێڕییەکانی سەدەی بیست و یەکەم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەکانی دیکەی جیهان، هەروەها ئەزموونی ڕاپەڕینەکانی بەفرانباری ٩٦، خەزەڵوەری ٩٨ و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا لە ئێران، دەریان خستووە



کە بەبێ ئامادەیی بزووتنەوەی سۆسیالیستی چینی کرێکار لە گۆڕەپانی سیاسی کۆمەڵگادا، ناتوانرێت پێشڕەوی و سەرکەوتنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە مسۆگەر بکرێت، لەم ڕووەوە، پێویست و زەرووریە کە تەواوی توانا و لێهاتوویی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی ئێران و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران وەک بەشێک لەم بزووتنەوەیە، بخرێتە خزمەت یەکخستنی سۆسیالیستەکانی ناو بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە لە دەوری ستراتێژییەتی سۆسیالیستی

یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی ستراتیژی سۆسیالیستی لە چالاکانی سۆسیالیستی بزووتنەوەی کرێکاری دەخوازێت کە لە جەرگەی مانگرتن و نارەزایەتییەکانی ئێستا، ئەم هوشیارییە لەنێو کرێکاراندا جەماوەری بکەنەوە کە ڕێگەی کۆتاییهێنان بە هەژاری و نەهامەتیی ئابووری و بێمافییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، نە تەنیا ڕاپەڕین دژبە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی، بەڵکوو دژبە نیزامی سەرمایەداریی دەسەڵاتداریشە. واتە، ئاسۆی شۆڕشی سۆسیالیستی بخەنە بەردەم کرێکاران و تەواوی کۆمەڵگا، و لە گۆشەنیگای بەرژەوەندییەکانی کرێکارانەوە، هەوڵەکانی بەشە جیاوازەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی بۆ دەستاودەستکردنی دەسەڵاتی سیاسی لە سەرووی کرێکاران و زەحمەتکێشانەوە بە مەبەستی پاراستنی سیستەمی سەرمایەداری، بخەنە ژێر پرسیارەوە

ئاڵقەیەکی سەرەکی دیکەی ستراتێژی سۆسیالیستی، بەهێزکردنی ڕێکخستنی چینی کرێکار و دروستکردنی ڕێکخراوی جەماوەری و چینایەتی کرێکاران لەسەر بەستێنی خەباتی ئێستادایە. مانگرتن و نارەزایەتییەکان کاریگەرترین میکانیزمی ڕێکخستنی کرێکارانن. کۆمیتەکانی کارخانە، کۆمیتەکانی مانگرتن، کۆڕە گشتییەکان، ڕێکخراوەکانی مامۆستایان و پەرستاران، کە بەردی بناغەی شۆرا کرێکارییەکان و ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی دیکەی کرێکارانن لە داهاتوودا، بەرهەمی پرۆسەی خەباتی هەتا ئێستان. پێویستە سۆسیالیستەکانی بزووتنەوەی کرێکاری پرۆژەیان هەبێت بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوی جەماوەری و چینایەتی کرێکاران لە بەشە جیاوازەکاندا، تا بە باشترکردنی هاوسەنگی هێز لە بەرژەوەندیی چینی کرێکاردا، بگەنە ئەنجام

بنەمایەکی دیکەی ستراتێژیی سۆسیالیستی، هەوڵدانە بۆ سەرتاسەری کردنی مانگرتنە کرێکارییەکان. لە بارودۆخی ئێستادا کە نەبوونی ڕێکخراوی جەماوەری و چینایەتی سەراسەری کرێکاران، بە ڕێگرێکی جددی لەبەردەم سەراسەری بوونی مانگرتن و نارەزایەتییەکانی کرێکاران لە کۆمەڵگە پیشەسازییەکان، ناوەندەکانی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری دێتە ئەژمار، دامەزراندنی ناوەندێک کە پێک هاتبێت لە ڕێکخراوە سەربەخۆکانی کرێکاران و ئەو ڕێبەر و چالاکانەی کە لە ناو دڵی خەباتی کرێکاراندان و پەیوەندیی زیندوو و ئۆرگانیکیان لەگەڵ کرێکاراندا هەیە، تا ڕادەیەک دەتوانێت ئەم بۆشاییە پڕ بکاتەوە. دامەزراندنی ناوەندێکی لەم شێوەیە دەتوانێت ڕۆڵی خۆی بگێڕێت لە پێناو پێکەوەبەستنەوە و سەرتاسەری کردنی مانگرتن و نارەزایەتییە کرێکارییەکان

بنەمایەکی دیکەی ستراتێژی سۆسیالیستی، لە سۆسیالیستەکانی بزووتنەوەی کرێکاری دەخوازێت کە بۆ ڕێکخستنی کرێکاران و لە قۆناغی یەکەمدا ڕێکخستنی چالاکان و پێشڕەوە ڕادیکاڵەکانی بزووتنەوەی کرێکاری لە حیزبی سیاسی چینایەتی و کۆمۆنیستی خۆیاندا، نەخشەیەکیان هەبێت. چونکە چینی کرێکار بۆ بەرگریکردن لە بەرژەوەندییە تایبەتە چینایەتییەکانی خۆی لە گۆڕەپانە جیاوازەکانی خەباتی ئابووری، سیاسی و تیۆریدا، هەروەها بۆ ئامادەبوونی سەربەخۆ لە مەیدانی ململانێ و کێشمەکێشە چینایەتییەکاندا و بۆ ڕێکخستنی شۆڕشی کرێکاری، پێویستی بە حیزبی سیاسی کۆمۆنیستی خۆیەتی. بزووتنەوەی کرێکاری بە پێشڕەویکردن لەم بوارانەدایە کە دەتوانێت بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکانی وەک بزووتنەوەی ژنان، بزووتنەوەی خوێندکاران، بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان و بزووتنەوەی دژی لەسێدارەدان و... لەگەڵ خۆی هاوڕێ

بکات و ببێتە بڕبڕەی پشتی مانگرتنە گشتییە سیاسییەکان و ڕێکخستنی ڕاپەڕین بەمەبەستی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی و سیستەمی چینایەتیی دەسەڵاتدار

بزووتنەوەی ڕزگاری ژن بۆ جێگیرکردنی دەستکەوتەکانی تا ئێستای، پێویستە پێگەی کۆمەڵایەتیی خۆی لەنێو توێژی ملیۆنیی ژنانی کرێکار و زەحمەتکێشدا قایمتر بکات. بەشداری بەرچاوی ژنان لە بزووتنەوەی ناڕەزایەتی خانەنشینان، مامۆستایان و پەرستاران وەک بەشێک لە بزووتنەوەی کرێکاری و هەروەها دەورونەخشیان لە بزووتنەوەی خوێندکاران و کەمپەینی "سێشەممەکانی نا بۆ ئێعدام"، تواناییەکانی بزووتنەوەی ژنانی لە بواری ڕێکخستن و ڕێبەریدا نیشانداوە. بزووتنەوەی ڕزگاریی ژن دەتوانێت لە گەڕەکە هەژارنشینەکانی پەراوێزی شارەکانیشدا، بە ڕێکخستنی ژنانی کرێکار و زەحمەتکێشی ئەو گەڕەکانە لە ئەنجومەن و شۆراکانی ژناندا، بەشێکی دیکە لە هێزی مەزنی خۆی بهێنێتە مەیدان. سۆسیالیستەکانی بزووتنەوەی ژنان بە هێنانە مەیدانی ئەم هێزە کۆمەڵایەتییە و بە ستراتیژی یەکێتی لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاریدایە کە دەتوانن پێشڕەویی بزووتنەوەی ژنان مسۆگەر بکەن

لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستاندا، گرنگترین میکانیزم بۆ ئامادەکاری لە پێناو وەڵامدانەوەی پێداویستییەکانی ئەم قۆناغە، ڕەخساندنی دەرفەت بۆ پێشڕەوی و پووچەڵکردنەوەی ئەو مەترسییانەی کە هەڕەشە لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان دەکەن، بریتییە لە هەوڵدانی کۆمەڵە و باقی سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکان لەپێناو وەڕێخستنی ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان دژی گرانی، بێکاری، کەمبوونی ئاو و بەرق، دژی سەرکوتگەرییەکانی ڕژێم، هەروەها یارمەتیدان بۆ ڕێکخستنی ئەم بزووتنەوە ناڕەزایەتی و کۆمەڵایەتییانە، پەیوەنددانی چالاکوانان و ڕێکخەرانی ئەم بزووتنەوانە و هەوڵدان بۆ پێکهێنانی تۆڕێکی ڕێبەری لەسەر ئاستی گەڕەکەکانی شارەکانی کوردستانە. بەهێزترکردنی ئیعتباری کۆمەڵایەتی کۆمەڵە وەک ڕەوتێکی کۆمۆنیستی و داکۆکیکاری لێبڕاوی بەرژەوەندییەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان، هەر لەم ڕێگەیەوە تێدەپەڕێت

لە بارودۆخێکدا کە سەرکوتکردن بە مەبەستی تۆقاندنی خەڵکی ناڕازی و وەگیانهاتوو، بووەتە ستراتیژیی مانەوەی هەموو باڵەکانی حکومەتی ئیسلامی، پێویستە بە پەرەپێدانی پشتیوانی لە کەمپەینی "سێشەممەکانی نا بۆ لەسێدارەدان" و بە جەماوەری کردنەوەی دروشمی "زیندانیانی سیاسی دەبێت ئازاد بکرێن"، ستراتیژیی سەرکوتی ڕژێم پاشەکشەی پێ بکرێت. پێویستە داخوازی هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدان و ئازادی زیندانیانی سیاسی، ببێتە داخوازی بزووتنەوەی کرێکاری و هەموو بزووتنەوە پێشڕەو و ناڕەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکان. هەر لەم چوارچێوەیەدا، پێویستە ڕێکخراوی دەرەوەی وڵاتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، ببێتە بنکەیەکی سەرەکی بۆ ڕێکخستنی هەڵمەتی سیاسی و تەبلیغی لەدژی شەپۆلی ئێعدام و لەپێناوی ئازادیی زیندانیانی سیاسی

لەکاتێکدا کە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی لەژێر سێبەری هەڕەشەکانی شەڕی دەوڵەتی ئیسرائیلدا، دۆخی 'نە شەڕ و نە ئاشتی' بەسەر کۆمەڵگادا سەپاندووە و بەم بیانووشەوە کەشی کۆمەڵگای ئەمنییەتی کردووە و ئێعدامەکانی زیاد کردووە، دەبێت ماهییەتی کۆنەپەرستانەی ئەم کێشمەکێشانە ئاشکرا بکرێت. شەڕ و ململانێی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل لەسەر بەرنامەی ئەتۆمی و تەماحکارییە ناوچەییەکان، هیچ پەیوەندییەکی بە بەرژەوەندی چینی کرێکار و خەڵکی ئێران و ناوچەکەوە نییە. ڕژێمی کۆماری ئیسلامی لە چوارچێوەی ستراتیژی مانەوەی خۆیدا، تا ئێستا سەدان ملیارد دۆلار لە سەرچاوەکانی سامانی کۆمەڵگا و لە بەرهەمی ڕەنج و چەوسانەوەی کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئێرانی بۆ پڕۆژە و بەرنامە ئەتۆمییەکان خەرج کردووە کە دووکەڵەکەی ڕاستەوخۆ چووەتە چاوی خەڵکی ئێرانەوە. شەڕ و ململانێی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل، درێژەی سیاسەتەکانی تا ئێستایە و لە هەردوو لاوە، ماهییەتێکی کۆنەپەرستانە و سەرمایەدارانەی هەیە. چینی کرێکار و زەحمەتکێشان و خەڵکی ئازادیخوازی ئێران، بۆ ڕزگاربوون لە مەترسی شەڕ و گەمارۆ ئابوورییەکان، هیچ ڕێگەیەکیان لەبەردەمدا نییە جگە لە چڕکردنەوەی خەبات، هەوڵی زیاتر بۆ ڕێکخستنی ڕیزەکانیان و پێکهێنانی ڕێبەرایەتییەکی سەرتاسەری بۆ ڕێکخستنی ڕاپەڕینی جەماوەری و ڕووخاندنی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی

لە بارودۆخێکدا کە پرۆسەی ڕووخانی کۆماری ئیسلامی دەمێکە دەستی پێکردووە و پایەکانی دەسەڵاتەکەی یەک لەدوای یەک هەڵدەتەکێن و کۆمەڵگاش لەسەروبەندی گۆڕانکارییەکی چارەنووسسازدایە، حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە، وەک ڕێکخراوی کوردستانی ئەم حیزبە و بەشێک لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی ئێران، بە جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەی سەرەوەیە کە دەتوانن ڕۆڵی خۆیان لە ڕێکخستنی بنکەی کۆمەڵایەتی ئەڵتەرناتیڤی سۆسیالیستیدا بگێڕن. حیزب و ڕێکخراو و هێزەکانی ئێستای ناو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئێران، کە کاریگەرییە سیاسی و مەعنەوییەکانیان لەسەر کەشی سیاسی و خەباتگێڕانەی ناوخۆی ئێران حاشاهەڵنەگرە و ڕەنگدانەوەی چالاکییەکانیان لە پەرەسەندنی هوشیاری و شەفافبوونی داواکارییەکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و هێزی چەپی کۆمەڵایەتیدا بەدی دەکرێت، تەنها بە ئەنجامدانی ئەم کارە گرنگە، واتە یەکخستنی چالاکانی سۆسیالیستی بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە لە دەوری ستراتیژییەکی سۆسیالیستی، دەتوانن ئەرکە مێژووییەکانی خۆیان بەجێ بگەیەنن. هەر لەم ڕێگەیەشەوەیە کە دەتوانن پەیوەندییە سیاسی و مەعنەوییەکانی خۆیان لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری و چەپی کۆمەڵایەتیدا بۆ پەیوەندییەکی زیندوو و ئۆرگانیک بەرز بکەنەوە. شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان و شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان لە کوردستان، بەم تێڕوانینەوە دەتوانن هاوکاری و چالاکییەکانیان بەهێزتر بکەن. کۆنفرانسی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان، کە بڕیارە ١٠ی ژانویەی ٢٠٢٦ لە شاری ستۆکهۆڵم ببەسترێت، دەتوانێت بەم ئاسۆیەوە ببێتە خاڵێکی وەرچەرخان لە ڕێڕەوی بەرەوپێشبردنی چالاکییە هاوبەشەکاندا لەپێناو وەڵامدانەوە بە پێداویستییەکانی ئەم قۆناغە.

❊❊❊

# گەڕان بەدوای دەریچەیەک بۆ دیالۆگ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی،

# لە ڕێگای درۆ و چەواشەکردنی مێژووی کۆمەڵەوە؛

## لە پەراوێزی بڵاوکردنەوەی دووبارەی فایلێکی دەنگی ئەمیر کەریمی، هاوسەرۆکی پژاک

لەم دواییانەدا، فایلێکی دەنگی ئەمیر کەریمی، هاوسەرۆکی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک)، لە کەناڵێکی تێلێگرامی بە ناوی «ئاسۆی گەریلا» بڵاو کراوەتەوە، کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا کاردانەوەی بەرفراوانی لێکەوتووەتەوە. ئەم فایلە دەنگییە، کە بەشێکە لە زنجیرە بابەتێک بە ناوی «پەروەردەی گەریلا»، یەکەم جار پێنج ساڵ و نیو لەمەوبەر بڵاو کراوەتەوە. بەڵام ئەو بەشەی کە تێیدا هاوسەرۆکی پژاک چەواشەکارانە مێژووی کۆمەڵە و بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە کوردستان دەشێوێنێت، لەم دواییەدا بۆ جارێکی دیکە لەلایەن پژاکەوە و هەر لەو کەناڵە تێلێگرامییەوە بڵاو کراوەتەوە. بەو پێیەی کە ناوەڕۆکی درۆودەلەسەکانی ئەمیر کەریمی سەبارەت بە مێژووی کۆمەڵە و بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە کوردستان، لە ماوەی زیاتر لە چوار دەیەی ڕابردوودا، گەلێک جار لەلایەن دارودەستەی وەزارەتی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامییەوە وەک بەشێک لە شەڕی نەرم و دەروونی دژبە کۆمەڵە و خەڵکی کوردستان دووپات کراوەتەوە، ئەم ئیدیعایانە هیچ بایەخێکیان لە بواری ڕەخنەی تیۆریکەوە نییە

لێرەدا پرسیاری سەرەکی ئەوە نییە کە بۆچی سەرکردایەتی پژاک بە ئەدەبیات و کولتووری سیاسی وەزارەتی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی، سەبارەت بە مێژووی کۆمەڵە و تەنانەت حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بۆ ئەو گەنجانەی کە پەیوەست دەبن بە ڕیزەکانی ئەم ڕێکخراوە دەدەوێت و بیر و هزری ئەوان بەم درۆ و چەواشەکارییانە ئەندازیاری دەکات. پژاک هەر بەم دید و ڕوانگە و پۆتانسێلەوە لە دژایەتیکردنی هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا، دەرفەتی گەشەی چالاکی لەناوخۆی کوردستانی ئێراندا بەدەست هێنا. کۆماری ئیسلامی، کە لە سرووشت و تواناکانی پژاک تێگەیشتبوو، بە مەبەستی لاوازکردنی پێگەی کۆمەڵایەتی حیزبە سەرەکییەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە کوردستانی ئێران، بە چاوپۆشی کردن لە حزوور و چالاکی هێزەکانی پژاک لەناوخۆی کوردستاندا، بە شێوەیەکی کردەوەیی و دوفاکتۆ، دەرفەتی کرانەوەی بۆ چالاکییەکانی پژاک ڕەخساند

پرسیار ئەوەیە کە بۆچی سەرکردایەتیی پژاک ئەم درۆ و چەواشەکارییانەی سەبارەت بە مێژووی کۆمەڵە، لە زمانی ئەمیر کەریمی، هاوسەرۆکی پژاکەوە، لەم بارودۆخە سیاسییەی ئێستادا دووبارە بڵاو کردووەتەوە؟ ڕاستییەکەی ئەوەیە کە پژاک هیچ کات ستراتیژیی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی

نەبووە و هەمیشە داوای چاکسازی لە کۆماری ئیسلامیدا لە ڕێگای دیالۆگ و وتووێژەوە کردووە. سەردەمێک ئامەد شاهۆ، یەکێک لە ئەندامانی سەرکردایەتی پژاک، «قەیرانی بنەڕەتیی ئێرانی بە لادان لەو بەهایانە کە لە سەردەمی سەرهەڵدانی ئینقلابی ئیسلامی و پەیماننامەی مەدینە بە ڕێبەریی محەممەد، پێغەمبەری موسڵمانان، دامەزرابوون» ڕاگەیاند و «بۆ دامەزراندنی سیستمێکی دیموکراتیک، خوێندنەوەیەکی نوێی بۆ لایەنە فیکرییەکانی ئەم سیستمە» بە کۆماری ئیسلامی پێشنیار کرد. یان ڕێوار ئابدانان، یەکێک لە ئەندامانی کۆردیناسیۆنی پژاک، چەند مانگ پێش شەڕی دوازدە ڕۆژە، لە وتارێکدا بە ناوی «زەنگەکانی ئاگادارکردنەوە بەم زووانە لە ئێران و ئیسرائیلدا خامۆش نابن» جەختی لەوە کردووە کە: «ئەگەر ئێران ( واتە: ڕژێمی کۆماری ئیسلامی) لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەژموونخوازانەی خۆیدا لەگەڵ هێزە ڕۆژئاواییەکان، لە کۆتاییدا سەرکەوتن و سەقامگیرییەکی بەردەوام بەدەست بهێنێت و بتوانێت ئەو ناوچانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە هاوبەشیی کولتووریان هەیە، هاوشێوەی ئەوەی لە یەکێتیی ئەورووپای دوای جەنگی جیهانیدا بینیمان، لە چوارچێوەی یەکێتییەکی دیموکراتیکدا کۆ بکاتەوە، نەک تەنها کێشە ناوخۆییەکانی ئێران چارەسەر دەبن، بەڵکوو ئێران دەبێتە جەمسەرێکی بەهێز لە تەواوی ناوچەکەدا». ئابدانان، مەبەستی لە هێزی بزوێنەری کۆماری ئیسلامی بۆ "کۆکردنەوەی ناوچەگەلێک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە یەکێتییەکی دیموکراتیکدا"، هێزە نیابەتییەکان و هێزەکانی "میحوەری موقاوەمەت"ی کۆماریی ئیسلامی لە ناوچەکە بوو

لە ناوەڕاستی مانگی سێپتەمبەری ٢٠١٩دا، دوای بەڕێوەچوونی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان (کەنەکە) لە شاری ستۆکهۆڵم، نیلوفەر کۆچ، هاوسەرۆکی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان (کەنەکە)، لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ "ڕۆژ نیوز" ڕایگەیاند: ««ئەگەر بتوانین یەکێتیی نەتەوەیی دروست بکەین، دەتوانین هەر چوار پارچەی کوردستان لە مەترسی داگیرکاری بپارێزین، دەتوانین باکوور، باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان بە تەواوی لە مەترسی دوور بخەینەوە و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (کوردستانی ئێران)یشدا هەوڵ بدەین کێشەی کورد لە ڕێگای دیالۆگ لەگەڵ ئێران و بە شێوازی سیاسی و دیموکراسی چارەسەر بکەین.»» ئەم هەڵوێستەی هاوسەرۆکی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان، لە ڕاستیدا دەربڕینی فۆرمۆڵکراوی ستراتیژیی پەکەکە بوو لە کوردستانی ئێراندا. پژاک، وەک "لقی کوردستانی ئێران"ی (پەکەکە)، ساڵانێکە لە چوارچێوەی هەمان ستراتیژدا، لە کاتی شانۆگەرییەکانی هەڵبژاردنی کۆماری ئیسلامیدا، کە میکانیزمێکن بۆ شەرعیەتدان بە بەردەوامی دەسەڵاتداریتیی ئەم ڕژێمە، خەڵکی بۆ بەشداریکردن لەم گاڵتەجاڕییانە و لە خزمەت هەڵوێست و سیاسەتەکانی ڕیفۆرمخوازانی حکومەتیدا هان داوە. لە ڕاستیدا، هەر ئەم وەهمە پووچ و بێ بنەمایە و ئەو خەونە پەرێشانەی پژاک سەبارەت بە دروستکردنی یەکێتییەکی دیموکراتیک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ڕێبەرایەتیی کۆماری ئیسلامی، چاکسازی و دیموکراتیزەکردنی ئەم ڕژێمە و چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە ڕێگای دیالۆگ لەگەڵ ڕژێمدایە کە سەرکردایەتی پژاک لەم بارودۆخە سیاسییەی ئێستادا بەرەو بڵاوکردنەوەی ڕق و کینە و چەواشەکردنی مێژووی کۆمەڵە پاڵ پێوە ناوە

بڵاوکردنەوەی درۆودەلەسەکانی ئەمیر کەریمی، هاوسەرۆکی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک)، سەبارەت بە کۆمەڵە و



چەواشەکردنی مێژووی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە کوردستان، لەم بارودۆخە سیاسییەی ئێستادا کە کۆماری ئیسلامی لە لایەکەوە لەژێر گوشارە نێودەوڵەتییەکاندایە و لە لایەکی دیکەشەوە لەژێر گوشاری ڕەوتی ڕوو لە هەڵکشانی مانگرتن و ناڕەزایەتییە کرێکارییەکان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و ناڕەزایەتییەکانی دیکەدایە و لەگەڵ قەیرانی مەرگ، گەورەترین دڵەڕاوکێی تەمەنی خۆیدا دەست و پەنجە نەرم دەکات، لە درێژەی هەمان سیاسەتە ستراتیژییەکانی پژاکدایە. سەرکردایەتی پژاک، بە شێواندنی مێژووی کۆمەڵە و بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی لە کوردستان، بەدوای دۆزینەوەی دەربچەیەکدا دەگەڕێت بۆ دەستپێکردنی دیالۆگ و وتووێژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا. هەوڵدان بۆ وتووێژ و دیالۆگ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، لایەنێکی دیکەی سیاسەتی حیزبە ناسیۆنالیستەکانی کوردستانە. ئەگەر لە بارودۆخی ئێستادا هەندێک لە حیزبە ناسیۆنالیستەکان چاویان بڕیوەتە گوشاری زۆرینەی دەوڵەتی ترامپ بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی و تەمرینی بەدیلسازی لە ئۆسلۆ و ئومێدیان پێ بەستووە، لە بەرانبەردا، پژاک لە درێژەی نەخشەڕێگا ستراتیژییەکانی خۆیدا، سیاسەتی دیالۆگ لەگەڵ ڕژێمی کۆماری ئیسلامی گرتووەتە بەر. ئەگەرحیزبە ناسیۆنالیستەکانی دیکە هیوایان بەو ئەگەرە بەستووە کە کۆماری ئیسلامی لەژێر گوشارە دەرەکی و ناوخۆییەکاندا کۆنترۆڵی خۆی بەسەر کوردستاندا لەدەست بدات و ئەوان دەسەڵاتی حیزبی خۆیان بسەپێنن و خەڵکی ڕاپەڕیو بنێرنەوە ماڵەکانیان، پژاکیش ئەم نەخشەیەی لە سەر دایە تا بە ڕێککەوتنێکی کردەیی و دوفاکتۆدا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، کۆنترۆڵی کوردستان بگرێتە دەست و لە پێکەوەژیان لەگەڵ دامودەزگا ئیدارییەکانیدا، بۆشایی ئیداری و بەڕێوەبەرێتی لەم ناوچەیەدا پڕ بکاتەوە. ئەگەر لە تورکیا پەکەکە لە وەرچەرخانێکی ستراتیژیکدا چەکدانان و هەڵوەشاندنەوەی خۆی قبووڵ کردووە و ڕێگای وتووێژ و دیالۆگی لەگەڵ دەوڵەتی فاشیستی تورکیا بۆ دیموکراتیزەکردنی پێکهاتەی دەسەڵاتدار گرتووەتە بەر، سەرکردایەتیی پژاکیش، نەک لە وەرچەرخانێکی ستراتیژیکدا، بەڵکوو لە درێژەی لۆژیکی سیاسەتەکانی تا ئێستایدا، ڕێگای ئامادەکاری و خۆسازدان بۆ دیالۆگ لەگەڵ ڕژێمی فاشیستی کۆماری ئیسلامی و دیموکراتیزەکردنی ئەوی گرتووەتە بەر. بێگومان بەم جیاوازییەوە کە لە ئێراندا، کۆمەڵە و بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی و شۆڕشگێر لە کوردستان، کۆسپی سەرەکیی بەردەم پێشخستنی سیاسەتە ستراتیژییەکانی پژاکن

کەواتە، بلاوکردنەوەی فایلە دەنگییەکەی ئەمیر کەریمی، هاوسەرۆکی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک)، و چەواشەکاری و شێواندنی مێژووی کۆمەڵە و بزووتنەوەی کۆمۆنیستی کوردستان، ڕیشەی لەم ڕاستییە زەمینییانەدایە. لە بەرانبەر ئەم درۆ و چەواشەکارییانە و شێواندنی مێژووی کۆمەڵەدا، دەبێت ماهییەتی ڕاستەقینەی سیاسەتەکانی پژاک، هەرچی زیاتر بۆ کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان ڕوون بکرێتەوە. ستراتیژیی ڕیفۆرمخوازانە و ڕێبازی دیالۆگ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، نەک هەر لە خزمەت بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستاندا نییە، بەڵکوو بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستان لە بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان و بزووتنەوەی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی لە ئاستی سەرتاسەریدا دادەبڕێت و زیانی جددی بە بەرژەوەندییەکانی تێکۆشانی خەڵکی کوردستان دەگەیەنێت. تەنها بە وشیارکردنەوەی کرێکاران و زەحمەتکێشان و جەماوەری ستەمدیدەی خەڵکی کوردستان سەبارەت بە زیانبەخشبوونی ئەم سیاسەتانە و بە هەوڵی بێوچان بۆ ڕێکخستن و هێنانە مەیدانی خەڵک بۆ گۆڕەپانی سیاسیی کۆمەڵگا، دەتوانرێت ستراتیژیی ڕیفۆرمخوازانە و دیالۆگخوازانەی سەرکردایەتیی پژاک لەگەڵ حکومەتی ئیسلامی پووچەڵ بکرێتەوە. دروستکردنی ئەم وەهمە کە بە ئامۆژگاریی ئەخلاقی و لە ڕێگای دیالۆگەوە دەتوانرێت پژاک یان لایەنە ناسیۆنالیستەکانی دیکە لە پەیڕەوکردنی ستراتیژیی چینایەتی و سیاسی خۆیان پاشگەز بکرێنەوە، کارێکی بەتەواو مانا بێهوودەیە و هاوشێوەی لێدانی ژەهرە لە لەشی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان. تەنها بە پەرەپێدانی وشیاریی چینایەتی و سیاسی و بە پشت بەستن بە ئامادەبوونی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و خەڵکی ستەمدیدە لە گۆڕەپانی سیاسی کۆمەڵگادا، دەتوانرێت ئەم سیاسەتە ستراتیژییە زیانبەخشانە پووچەڵ بکرێنەوە و دەرفەتی پێشڕەوی فەراهەم بکرێت. کۆمەڵە، لە بەرانبەر ئەم سیاسەتەی سەرکردایەتی پژاکدا کە کەشی تێکۆشانی سیاسی لە کوردستاندا ئاڵۆز و ژەهراوی کردووە، هەموو کرێکاران و خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان بۆ درێژەدانی یەکڕیزی و هاوپشتی لە خەبات دژبە کۆماری ئیسلامی بانگەشە دەکات

***

# دەستدرێژی، پارێزبەندی و دەسەڵات

لە هەفتە و مانگەکانی ڕابردوودا، کۆمەڵگەی ئێران جارێکی تر بووەتە گۆڕەپانی مشتومڕێکی بەرفراوان سەبارەت بە تۆمەتەکانی دەستدرێژی سێکسی لەنێو کەسایەتییە ناسراوەکانی بواری وەرزش و هونەردا. ئەوەی ئەم ڕووداوانە لە ئاستی ڕووداوی تاکەکەسی بەرزتر دەکاتەوە، تەنها ڕوودانی توندوتیژییەکە نییە، بەڵکو کاردانەوەی دامەزراوەیی و کۆمەڵایەتییەکانە بەرامبەری، کە خۆی لە ئینکاری گشتی، سەرزەنشتکردنی قوربانی، پشتگیریکردن لە تۆمەتباران و لە کۆتاییدا، خۆدزینەوە لە وەڵامدانەوەدا دەبینێتەوە. بەپێی بەڵگە و ڕاپۆرتی باوەڕپێکراو، دەزگای دادوەری و ئینتیزامی زۆربەی کات بە بێدەنگی یان بێکردەوەیی، زەمینەی دووبارەبوونەوەی توندوتیژی خۆش دەکەن. میدیا سەربەخۆکان دادەخرێن و ڕای گشتی لەبری هاوپشتی لەگەڵ قوربانی، بەرەو ئەفسانەسازی بۆ کەسایەتییە بەهێزەکان دەڕۆن



ئەم چەرخەیە، ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی پەیوەندیی نێوان دەسەڵاتی ئابووری، پیاوسالاری و ئایدیۆلۆژیای سیاسییە؛ پەیوەندییەک کە بەرهەمهێنان و دووبارە بەرهەمهێنانەوەی زۆرداری لە هەموو ئاستەکاندا مسۆگەر دەکات. پیاوسالاری تەنها پێشداوەرییەکی کولتووری نییە، بەڵکو سەرخانێکی ئایدیۆلۆژییە کە لەسەر بنەمای ژێرخانێکی ئابووریی نایەکسان بنیات نراوە. سەرمایەداری و پیاوسالاری دوو ڕووی یەک میکانیزمن؛ یەکەمیان هێزی کار دەچەوسێنێتەوە، دووەمیان جەستەی ژن دەخاتە ژێر ڕکێفەوە. لەم چوارچێوەیەدا، جەستەی ژن وەک "خاوەندارێتیی تایبەت" سەیر دەکرێت و دەستدرێژی، جۆرێکە لە داگیرکاریی هێمایی. تا ئەو کاتەی خاوەندارێتی، دەسەڵات و یاسا لە ژێر قۆرخی گرووپێکی بچووکدا بمێننەوە، توندوتیژی جێندەری هەروا درێژەی دەبێت.

لە کۆمەڵگایەکدا کە بەهای کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای سەروەت، مەحبووبییەت و سەرمایەی میدیایی دامەزراوە، خاوەن ناوبانگەکان پێگەیەکی سەرووی یاسا بەدەست دێنن. ئەوان دەتوانن ئەم ناوبانگەیان لەناو خەڵک وەک قەڵغانێکی بەرگری بەکاربهێنن و بە پشتیوانی میدیا هاوئاراستەکان، ڕەوایەتی قوربانی بێبایەخ بکەن. سەرمایەی نمادین لێرەدا دەبێتە ئامرازی مەشرووعییەت: هەرچەندە کەسایەتییەکە ناسراوتر بێت، لێپرسینەوەی کەمتر دەبێت. لەئاکامدا، سیستمێک دێتە ئاراوە کە تێیدا "کەسایەتیی گشتی" گرنگتر دەبێت لە "ڕاستیی گشتی"

میدیا فەرمییەکان لە زۆر حاڵەتدا لەبری ڕۆشنگەری، دەکەونە خزمەتی لەبیربردنەوە. ئەوان لەبری لێکۆڵینەوە لە توندوتیژییەکە، باس لە "ئەخلاقی قوربانی" دەکەن و بەم شێوەیە سیستمی ئەرزشی پیاوسالارانە دووبارە بەرهەم دەهێننەوە. سنووردارکردنی میدیا سەربەخۆکان و سڕینەوەی ڕۆژنامەوانانی لێکۆڵەر، میکانیزمێکە بۆ ڕێگری لە ئاشکراکردنی پەیوەندیی نێوان دەسەڵات و توندوتیژی. لە ئەنجامدا، کۆمەڵگا ڕووبەڕووی گێڕانەوەی دەستکاریکراو دەبێتەوە، نەک ئاگایی. ئەو پەیامەی لە هەر دۆسیەیەکی بێوەڵامدا ئاشکرا دەبێت، ڕوونە: دەستت بە عەدالەت ڕاناگات، کەوابوو بێدەنگ بە. بەم شێوەیە، دەستدرێژی دەبێتە ئامرازی ملکەچکردن؛ زمانێک کە دەسەڵات جەستەکانی پێ کۆنترۆڵ دەکات و ترس دووبارە بەرهەم دەهێنێتەوە. ئەمە هەمان کارکردی سیاسی توندوتیژییە: بەردەوامیدان بە هەژموون لە ڕێگەی ترس و بێمتمانەییەوە

لە سەردەمی بەجیهانیبوونی سەرمایەدا، پارێزبەندیش جیهانی دەبێتەوە. ئەو کەسانەی بە پێکهاتەی دەسەڵات و سەروەت دەستیان ڕادەگات، دەتوانن بە ئاسانی سنوورەکان ببڕن و خۆیان بخەنە ژێر پەنای یاساکانی ترەوە. ئەم نایەکسانییە جیهانییە، بۆشایی نێوان قوربانی و دەستدرێژیکار قووڵتر دەکاتەوە. دادپەروەری بێکاریگەر دەبێت و سیستمی نێودەوڵەتیش هیچ ئامرازێکی پێشگیرانەی نییە. ئەم دیاردەیە، سەمبۆلی هەمان ناتەبایی چینایەتییە لەسەر ئاستی جیهان

سەرمایەداری و پیاوسالاری دوو سیستمی تێکهەڵکێشراون کە یەکتر دووبارە بەرهەم دەهێننەوە. لەم ڕووەوە، ڕزگاریی ژن تەنها لە پەیوەند لەگەڵ ڕزگاریی چینایەتی مسۆگەر دەبێت. ئەزموونی خەباتی ساڵانی ڕابردوو ئەوە دەردەخات کە گرێدانی خەباتی دژە-سەرمایەداری و بزووتنەوەی ڕزگاری ژن دەتوانێت ببێتە هێزێکی نوێ؛ هێزێک کە لە هاوپشتییەوە سەرچاوە دەگرێت. میدیا سەربەخۆکان، فەزا گشتییەکان و گێڕانەوەی بوێرانە، ئامرازە سەرەتاییەکانی بەرگرین. لە بەرامبەر پێکهاتە گەندەڵ و سەرکوتگەرەکاندا، دروستکردنی ڕێکخراوی سەربەخۆی ژنان کە لە دەرەوەی دەوڵەت بن، پێویستییەکی سیاسییە. ئەم ڕێکخراوانە دەبێت لە دەرەوەی کۆنترۆڵی دەوڵەت و دامەزراوەکانی سەر بە دەسەڵات دابمەزرێن و لەسەر بنەماکانی ڕێکخستن، هاوپشتیی چینایەتی و دادپەروەری جێندەری بنیات بنرێن

ڕووداوەکانی ئەم دواییەی ئێران، پەردەیان لەسەر ڕووی سیستمێک لادا کە پیاوسالاریی کردووەتە بەشێک لە لۆژیکی مانەوەی خۆی. دەستدرێژی لە وەها نیزامێکدا، لادان نییە بەڵکو ئامرازی کۆنترۆڵە؛ شێوازێکە لە سەپاندنی دەسەڵات کە لەلایەن یاسا، میدیا و سەرمایەوە پشتیوانی دەکرێت. ئاگایی چینایەتی، خۆڕێکخستنی سەربەخۆ و پێکەوەگرێدانی بزووتنەوەکانی کرێکاران و ژنان دەتوانێت بناغەکانی ئەم سیستەمە بخاتە ژێر پرسیارەوە. دادپەروەری لەم تێڕوانینەدا، بە مانای تۆڵەکردنەوە نییە، بەڵکو نۆژنکردنەوەی بنەڕەتیی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە؛ کۆمەڵگەیەک کە تێیدا جەستە، کار و ئازادیی مرۆڤ لە لۆژیکی خاوەندارێتی ڕزگاری بووبێت

❊❊❊

# مافیای حکومەتی ئیسلامی، هۆکاری سەرەکیی قەیرانی ئاو

دوای ماوەیەک حاشاکردنی حکومەت لە جیرەبەندی ئاو لە تاران و پاش لێدوانی ساویلکانەی پزیشکیان سەبارەت بەوەی کە ئەگەر باران نەبارێت "پێویستە شاری تاران چۆڵ بکرێت"، هەندێک لە میدیاکانی کۆماری ئیسلامی سەر بە باڵی ئوسولگەرا، باسیان لە دەستپێکردنی جیرەبەندی بەبێ ئاگادارکردنەوەی خەڵک کرد. ڕۆژی یەکشەممە ١٨ی خەزەڵوەر، ئاژانسی هەواڵی تەسنیمی سەر بە سپای پاسداران، بە ئاماژەدان بە جیرەبەندی و بڕینی شەوانەی ئاو لە تاران، ڕایگەیاند: "ماوەی دە ڕۆژە لە بێدەنگیدا و بەبێ ئاگادارکردنەوەی خەڵک، سنووردارکردنی ئاو لە پایتەخت دەستی پێکردووە". لەم بارەیەوە ئاژانسی هەواڵی فەڕانسە بڵاویکردەوە: "لە بەرەبەیانی ڕۆژی شەممە ١٧ی خەزەڵوەرەوە، پلانی دابەشکردنی دەورەیی ئاو لە تاران و شارەکانی دەوروبەری وەک کەرەج، ئیسلام شەهر و پاکدەشت دەستی پێکردووە". بەم شێوەیە، لە هەر ناوچەیەکدا تۆڕی ئاو لە شەو و ڕۆژێکدا تا ٦ کاتژمێر دەبڕدرێت و نزیکەی ٢٥ ملیۆن کەس لە تاران و شارەکانی تر، هاوشێوەی بەرق،لە بواری ئاویشدا تووشی کێشە و گرفت دەبن


قەیرانی درێژخایەنی ئاو لەماوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا تا هاتووە توندتر بووەتەوە. لە سەردەمی سەرۆک کۆماری ئەحمەدی نژادیشدا کە هێشتا وەیشکەساڵیش نەبوو، ئەم کێشەیە هەر هەبوو. ئەو کاتیش ناوبراو لەبری چارەسەرکردنی قەیرانی ئاو، هەروەک پزیشکیان، خەڵکی بە تاوانبار دەزانی و ئامۆژگاریی دەکردن کە کەمتر ئاو بەکاربهێنن. ئێستاش حکومەتی پزیشکیان دەیەوێت لە ڕێگەی جیرەبەندییەوە، وەک خۆی دەڵێت، "شێوازی بەکارهێنانی ئاو"ی خەڵک بگۆڕێت، یان بە واتایەکی تر خەڵک لە بواری ئاویشدا بخاتە تەنگانەوە. ئەمە لە کاتێکدایە کە شارەزایانی سەرچاوەکانی ئاو، بەپێی ئامار و ژمێریاری زانستی، ڕێژەی ئاوی پێویست بۆ بەکارهێنانی ماڵان لە ئێراندا بە کەمتر لە ١٠٪ی کۆی ئەو ئاوەیە کە قابیلی گەرانەوەیە مەزەندە دەکەن و پێیان وایە لە ئێراندا ئاوی پێویست بۆ پاکوخاوێنی و خواردنەوە بوونی هەیە

توندبوونەوە و بەردەوامی قەیرانی ئاو لە ئێراندا هۆکاری زۆری هەیە بەڵام حکومەتی ئیسلامی سەرچاوە و بەرپرسیاری ڕاستەوخۆی سەرهەڵدانیەتی. یەکێک لە هۆکارەکان، کۆنبوون و پرتووکاوبوونی لوولەکان و تەواوی تۆڕی ئاوگەیاندنە لە سەرتاسەری وڵاتدا کە بەهۆی بایەخنەدانی حکومەتی ئیسلامی لە تەرخانکردنی بودجە و دروستکردنی پرۆژە بۆ نوێکردنەوەی، بووەتە قەیرانێکی قووڵ. بەپێی ڕاپۆرتی کۆمپانیای ئەندازیاریی ئاو و ئاوەڕۆی خودی ڕژیم، "بەفیڕۆچوونی ئاو لە مەسیری گەیاندندا لە پارێزگا جۆراوجۆرەکان، گەیشتووەتە نزیکەی ٢٥٪". واتە لە هەر چوار لیتر ئاو، لیترێکی بەفیڕۆ دەچێت

یەکێک لە هۆکارە سەرەکی و گرنگەکانی دیکەی توندبوونەوەی قەیرانی ئاو، بوونی مافیای بەنفووزی ئاوە لە نێو بەرپرسانی باڵای کۆماری ئیسلامی و نزیکەکانیاندا. ئەم

مافیایە بە گرتنە ئیختیاری پڕۆژەی گەورەی سەدان ملیۆن دۆلاری گواستنەوەی ئاو، بەبێ لەبەرچاوگرتنی دەرەنجامە ژینگەییەکانی جێبەجێکردنیان، نەک هەر بووەتە هۆی کەمیی ئاوی خواردنەوەی خەڵک، بەڵکو بووەتە هۆی وشکبوونی ئاوی ڕووبارەکان و تاڵاوەکان و تەنانەت بەتاڵبوونەوەی ئاوی ژێرزەوی و نیشتنی زەوی لە زۆرێک لە ناوچەکانی ئێراندا. پڕۆژە نازانستییەکانی سپای پاسداران، بۆ نموونە دروستکردنی بەنداو و لێدانی لەڕادەبەدەری چاڵاو، پلانگەلێک کە بوونەتە هۆی لەناوچوونی خاک و کەمبوونەوەی پۆششی گیایی وکەمبوونەوەی نفووزی ئاوی باران بۆ ناو سفرەکانی ئاوی ژێرزەوی، لەژێر ناوی بەناو ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدانی پیشەسازی و کشتوکاڵدا، هۆکارێکی دیکەی قەیران و وەرشکستەیی ئاو بووە. ئەم پڕۆژانە بەبێ ڕەچاوکردنی دەرەنجامە ژینگەییەکان، بوونەتە هۆی بەفیڕۆچوونی ئاوە جارییەکان و کەمبوونەوەی ئاستی ئاوی ژێرزەوی. لەم بارەیەوە، یەکێک لە مامۆستایانی زانکۆ، وێڕای جەختکردنەوە لەسەر ڕۆڵی وێرانکەری مافیای ئاو لە نابوودکردنی سەرچاوە ئاوییەکان، پێشبینیی کردووە کە ئەگەر سیاسەتە گشتییەکانی ڕژیم لە بواری بەڕێوەبردنی ئاودا نەگۆڕدرێن، لە هەموو ئێراندا تووشی "کارەساتی ئاو" دەبین کە نیشانەکانی ئێستا لە هەندێک ناوچەدا دەبینین

کۆمپانیای بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاوی ڕژیم، ڕێژەی ئاوی بەکارهاتوو لە بەشی کشتوکاڵی پرمەسرەفی وەک برنج بە نزیکەی ٩٠٪ و کارایی ئاودێریی کشتوکاڵی سوننەتی لە ئێراندا بە ٣٠ تا ٥٣٪ مەزەندە کردووە. ئەمە لە کاتێکدایە کە بەپێی ئاماری "فائۆ"، کارایی ئاودێری لە سیستەمە مۆدێرنەکانی کشتوکاڵدا زیاتر لە ٨٠ ٪ە. لەبەرئەوەی کۆماری ئیسلامی ئامادە نەبووە بودجەی پێویست بۆ مۆدێرنکردنی سیستەمی کشتوکاڵ تەرخان بکات و ئەو بڕە بودجەیەی کە



تەرخانکرانیش کراوە بەهۆی گەندەڵی و دزیی دامەزراوەیی لە پێکهاتەی حکومەتی ئیسلامیدا، بۆ میکانیزەکردنی کشتوکاڵ بەکارنەهێنراوە. قەیرانی ئاو لە کۆماری ئیسلامیدا، قەیرانێکی ئاووهەوایی نییە، بەڵکو قەیرانێکی سیاسی و پێکهاتەییە کە ئێستا بەرۆکی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێشی ئێرانی گرتووە. ئەمە لە کاتێکدایە کە ئاخوندە دواکەوتوو و وشک مێشکەکان و هەندێک لە نوێنەرە گەمژەکانی مەجلیسی ئیسلامی لە ڕقابەتی نێوخۆییدا و بۆ بەلاڕێدابردنی بیروڕای گشتی لە بێتوانایی و گەندەڵی حکومەتی ئیسلامی، قەیرانی ئاو بە دەرەنجامی ڕەچاونەکردنی حیجاب لەلایەن ژنانەوە و بە کەمتەرخەمی حکومەتی پزیشکیان لە جێبەجێکردنی گەڵاڵەی نگریسی حیجاب و عیفاف و بە "غەزەبی ئیلاهی" ناوی دەبەن.

زیاتر لە چوار دەیەیە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی سەروەت و سامانی کۆمەڵگا و خەڵکی ئێران، لەبری دابینکردن و خەرجکردنی بودجە بۆ نوێکردنەوە و پێشخستنی کشتوکاڵ و پیشەسازی و خۆشگوزەرانی خەڵک، داویەتی بە هێزە تیرۆریستە ئیسلامییەکانی "میحوەری موقاومەت" و پڕۆژە ئەتۆمییەکان و پەرەپێدانی دەزگای ئەمنی و سیخوڕی بۆ سەرکوتکردنی خەڵک و مانەوەی خۆی. لەئێستادارڕژیمی داماو و مایەپوچی کۆماری ئیسلامی لەئاست گەشەی مانگرتن و ناڕەزایەتیی بەرینی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی کۆمەڵگا و لەئاست سەرهەڵدانی ناڕەزایەتی و ڕاپەڕینێکی جەماوەری بەهۆی قەیرانی ئاو و نەبوونی ئاوی خواردنەوەیەکجار نیگەرانە و دەیەوێت بە توندکردنەوەی سەرکوت، بە پەرەپێدانی ئێعدام، گرتن و بەندکردن و فشار، ڕێگریی لێ بکات. بەڵام بێگومان ڕەوتی ڕوولەهەڵکشانی ناڕەزایەتی ومان گرتنەکانلەئێران،ئەوەدەرفەتەبەوڕژیمەئیسلامییەنادات کەتەمەنیبە ڕەوکۆتاییدەچێتولەلاوازترینەدۆخیخۆیدایە

❊❊❊

## ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

## بە بۆنەی ٢٥ی نۆڤەمبر، ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان

## ٢٠٢٥

٦٥ ساڵ بەسەر کوژرانی خوشکەکانی "میرابێل" بە دەستی جەنایەتکارانی ڕژیمی دیکتاتۆریی "ڕافائێل تروخیۆ" لە دۆمینیکەن تێدەپەڕێت. دوای ئەشکەنجە، دەستدرێژی و ئەو کوشتنە دڕندانەیە بوو کە "پاتریا"، "مینێرڤا" و "ماریاتێرێزا" میرابێل، وەک هێمای خەبات دژی دیکتاتۆری و توندوتیژیی دەوڵەتی و سیمبولی تێکۆشان لەپێناو ئازادیدا، بە ناسناوی "پەپوولە لەبیرنەکراوەکان" لە سەرتاسەری جیهاندا ناوبانگیان دەرکرد. ئەشکەنجە و کوشتنی سامناکی ئەم ژنە تێکۆشەرانە و کاردانەوەی بەربڵاوی ژنانی شۆڕشگێڕ و پێشڕەو و ڕێکخراوە فێمینیستییەکانی جیهان دژی ئەم تاوانە، خەبات بۆ نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنانی لە جیهاندا خستە قۆناغێکی نوێوە و سەرەنجام ٢٥ی نۆڤەمبری وەک ڕۆژی جیهانیی خەبات بۆ سڕینەوەی توندوتیژی دژی ژنان تۆمار کرد

٢٥ی نۆڤەمبر، وەبیرهێنەرەوەی ئەو توندوتیژییەیە کە ژنان لە سەرتاسەری جیهاندا ڕۆژانە ئەزموونی دەکەن؛ توندوتیژییەک کە جێنۆساید لە غەززە لەلایەن دەوڵەتانی ئیسرائیل و ئەمریکاوە، شەڕ و ئاوارەیی لە سوودان، هەژاری و برسییەتی و کۆچ لە ئەفغانستان، دژایەتیکردنی پەنابەران لە دڵی ئەورووپا و ڕەوتی هەڵکشانی توندوتیژیی دیجیتاڵی، ڕەهەندێکی کارەساتباریان پێ بەخشیوە. توندوتیژییەک کە ژنان لە ئێران لەژێر دەسەڵاتی سیستەمی ئاپارتایدی ڕەگەزیدا، هەموو ساتێک ڕووبەڕووی دەبنەوە. توندوتیژییەکی پێکهاتەیی و بەدامەزراوەییکراو کە بەپێی ئامارەکانی دامەزراوەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، لانیکەم یەک لەسەر سێی ژنانی جیهان لە ماوەی ژیانیاندا ڕووبەڕووی دەبنەوە و لە ئێرانیش زۆرینەی هەرەزۆری ژنان بەهۆیەوە زیانیان بینیوە. ئەم توندوتیژییە، دیاردەیەکی تاکەکەسی یان بەڕێکەوت نییە؛




بەڵکو یەکێکە لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنانەوەی کۆمەڵگای چینایەتی و سەرمایەداری. توندوتیژی دژی ژنان پەیوەندییەکی پێکهاتەییە کە چینی دەسەڵاتدار، بە پشتبەستن بە فەرهەنگی باوک/پیاوسالاری، بۆ کۆنترۆڵکردنی جەستە و کاری ژنان بەکاری دەهێنێت

لەژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، دژایەتیکردنی ژنان لە تەواوی بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا بوونی هەیە. ئاستی نزمی بەشداریی ئابووریی ژنان، بێمافی و هەڵاواردنە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان کە بەپێی یاسا سەپێندراون، وە گوشارە ئەمنییەکان بۆ سەر ژنانی ناڕازی، وێنەیەکی ڕوون لە کارکردی توندوتیژیی پێکهاتەی دەسەڵات دەخەنە ڕوو. بوونی ملیۆنان ژنی سەرپەرشتیاری خێزان کە دەستەویەخەی هەژاری و نائەمنین، پەرەسەندنی هاوسەرگیریی منداڵان کە ژیان و ئاواتی منداڵانەیان پەڕ پەڕ دەکات، ڕەهەندە بەربڵاوەکانی توندوتیژیی خێزانی و ئەو تاوانە قێزەونانەی کە لەژێر ناوی قەتڵی ناموسیدا ئەنجام دەدرێن، هەر هەموویان دەریدەخەن کە توندوتیژی دژی ژنان تایبەتمەندیی پێکهاتەیەکە کە تێیدا نەزمی سەرمایەداری و یاساکانی شەریعەتی ئیسلامی تێکەڵ بە یەکتر بوون

لە ئێران تەنانەت ئامارەکانی دامودەزگا حکوومەتییەکانیش پشتڕاستی دەکەنەوە کە ڕێژەی بەشداریی ئابووریی ژنان لەژێر ١٥ لەسەدە، واتە لە ئاستی مامناوەندی جیهانی زۆر خوارترە. ئەم بارودۆخە لە کاتێکدایە کە حەشیمەتی ژنانی خوێندەوار و دەرچووی زانکۆ سێ هێندە زیادی کردووە. سیاسەتی خستنە دەری ژنان لە مەشاغڵ و کارە فەرمییەکان و ناچارکردنیان بە خانەنشینی و یان کارە نافەرمییەکان بە شێوەی دوورکاری لە ماڵەوە، پەرستاریی منداڵان، ئاشپەزی و کاری هاوشێوە لە ماڵی دەوڵەمەندەکان، دوای ڕاپەڕینە ئینقلابییەکانی ساڵانی ڕابردوو و ڕۆڵگێڕانی ژنان لەم

ڕاپەڕینانەدا، توندتر بووەتەوە. حکوومەتی ئیسلامی بەم پاساوە کە "کاری سەرەکیی ژنان پەروەردەکردنی منداڵ، خزمەتکردنی هاوسەر و کار لە ماڵەوەیە"، ژنان لە کارە فەرمییەکان و لە فەزای کراوەی کۆمەڵگا دەخاتە دەرەوە. بەڵام وەها بیانووگەلێکی پیاوسالارانە، لۆژیکێکی سەرمایەدارانەی لەپشتە. سەرمایەدارانی دەوڵەتی و کەرتی تایبەت لە کۆماری ئیسلامیدا، دەیانەوێت هێزی کار و بەرهەمهێنانەوەی ئەو هێزە هەرچی زیاتر هەرزان بکەن. ئەم ژنانە و هەروەها ژنانێک کە لە کارگە بچووکەکانی خوار ١٠ کەسدا کار دەکەن، لە وەرگرتنی لانیکەمی حەقدەست، جۆرەکانی بیمە و ئەو مافانەی لە هەمان یاسای دژی کرێکاریشدا هاتوون، بێبەشن. ئەم دۆخە لە پاڵ توندبوونەوەی دەرئەنجامی گەمارۆ ئابوورییەکان، بووەتە هۆی پەرەسەندنی هەژاری و بێدەرەتانیی ژنان و سەرهەڵدانی دیاردەی ژنانی مۆعتاد و کارتۆنخەو، دابەزینی تەمەنی لەشفرۆشی و هاوسەرگیریی پێشوەختەی کچانی منداڵ، کە ئەمانەش توندوتیژی دژی




ژنانیان پەرەپێداوە و بێگومان بزووتنەوەی ڕزگاریی ژنانیشیان زیاتر خستووەتە مەترسییەوە

بەڵام سەرەڕای ئەو هەلومەرجە سەختەی ژنانی تێدایە، ڕۆڵی پێشەنگانەی ژنان لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی "ژن، ژیان، ئازادی" و بەشداریی بەرچاوی ژنان لە ڕاپەڕینە جەماوەرییەکانی چەند ساڵی ڕابردوو و ڕۆڵگێڕانیان لە ناڕەزایەتییەکانی خانەنشینان، مامۆستایان، خوێندکاران، پەرستاران، کەمپەینی "نا بۆ سێدارە" و بزووتنەوەی دادخوازی، نیشانی داوە کە ژنان کۆڵەکەیەکی سەرەکیی هەر گۆڕانکارییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتین لە ئێران. ژنان لە ڕەوتی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینادا بە کردەوەی نمادینی وەک فڕێدانی ڕووسەری و لەچکە لەسەر شەقام و ئاگرتێبەردانیان و سەما و هەڵپەڕکێ لە دەوری ئاگر، جوانترین دیمەنەکانیان دژی ڕژیمی ئاپارتایدی ڕەگەزی خوڵقاند، یاسا دژەژنەکانی حکوومەتی ئیسلامییان پێشێل کرد و لە پانتایی ئێراندا تۆوی ئازادی و بوێرییان چاند و بە خوێنی خۆیان ئاوییان دا. ژنان بەم ئازایەتییە، دیواری حیجابی ئیسلامی و ناوەندەکانی "بەرەنگاربوونەوەی بێحیجابی"یان بەسەر حکوومەتی ئیسلامیی سەرمایەداران و ئاخوندە مێشکوشکەکاندا وێران کرد. ئەوان نەتەنیا سیمای شەقام و شارەکانی ئێرانیان گۆڕیوە، بەڵکوو بە بەشداریی خۆیان سیمای بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و ناڕەزایەتییەکانی ئێرانیشیان گۆڕیوە

ئەم گیانفیدایی و پێشڕەوییانە لە کاتێکدایە کە بزووتنەوەی ڕزگاریی ژن، هێشتا هەموو هێز و لەشکری خۆی نەهێناوەتە مەیدانی نەبەردەوە. پێویستە هەڵسوڕاوانی سۆسیالیستی بزووتنەوەی ژنان بە چڕبوونەوە لەسەر خواستەکانی ژنانی ناو ماڵ، ژنانی کرێکار و زەحمەتکێش لە گەڕەکە هەژارنشین و پەراوێزی شارەکان، ئەم بەشە لە هێزە مەزنەکەیشیان بێننە مەیدانەوە. بە هاتنەمەیدانی ڕێکخراوی ئەم بەشە لە هێزی بزووتنەوەی ڕزگاریی ژن و بە ستراتیژیی یەکگرتوویی لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە، دەکرێت نەک تەنها ڕووخاندنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بە شێوەی شۆڕشگێڕانە، بەڵکوو لەناوبردنی سیستەمی سەرمایەداری، هەڵوەشاندنەوەی خاوەندارێتیی تایبەت بەسەر ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، بنبڕکردنی فەرهەنگی پیاوسالاری و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی ئازاد، یەکسان و خۆشگوزەران بکرێتە ئاسۆی ڕوون و مسۆگەری خەبات

حیزبی کۆمۆنیستی ئێران وێڕای بەرزڕاگرتنی یادی ئەو ژنانەی بوونەتە قوربانیی توندوتیژی و تەواوی ئەو مرۆڤە ئازادیخواز و یەکسانیخوازانەی لە ڕێگای ڕزگاریی ژناندا خەباتیان کردووە و گیانیان بەخت کردووە، بانگەوازی سەرجەم کرێکاران و خێڵی مەزنی چەوساوەکان دەکات بۆ یەکێتی و هاوپشتی لە خەباتدا لەپێناوی پاشەکشەپێکردنی دەستێوەردانی ئایین لە ژیانی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتیی ژنان، لەپێناوی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ سیستەمی پیاوسالاری و سەرمایەداری و لەپێناوی دامەزراندنی کۆمەڵگایەک کە تێیدا هیچ مرۆڤێک بەهۆی ڕەگەز، نەتەوە، ئایین، ڕەنگی پێست و... تووشی هەڵاواردن نەبێت

**بڕووخێ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی**

**مەرگ و نەمان بۆ سەرمایەداری و پیاوسالاری**

**بژی ئازادی، یەکسانی، حکوومەتی کرێکاری**

**کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

خەزەڵوەری ١٤٠٤

نۆڤەمبری ٢٠٢٥

***

## پرسی نەتەوەیی کورد
## حەقیقەتێکی عەینی و بابەتی

ئەمڕۆ پرسی نەتەوەیی کورد وەک بوونێکی عەینی و بابەتی (ئۆبژێکتیڤ) لەو وڵاتانەی کە ڕووبەڕووی ئەم پرسەن، بووەتە پێکهاتەیەکی گرنگ لە شیکردنەوەی ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و زیاتر لە هەر کاتێک ڕەنگدانەوەی جیهانیی پەیدا کردووە. ئەم دۆخە عەینییە تەنها بەو هۆیەوە نییە کە لە دێر زەمانەوە ستەمگەری لە دژی خەڵکی کوردستان بوونی هەبووە و لە قۆناغە جیاوازە مێژووییەکاندا دژ بەم ستەمگەرییە بزوتنەوە جەماوەرییەکان وەرێکەوتوون، بەڵکو بە شێوەیەکی بنەڕەتی بەهۆی گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕەکانی چەند دەیەی ڕابردوو و ڕەوتەکانی ئێستاوە هاتووەتە ئاراوە

زیاتر لە چوار دەیەیە کوردستانی ئێران هەمیشە یەکێک لە ناوەندەکانی ناڕەزایەتی و خەبات دژ بە هەڵاواردن، نادادپەروەری و چەوساندنەوە و سەرکوتی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بووە. یەکێک لە داخوازییە گرنگەکانی خەڵکی کوردستان، نەهێشتنی ستەم و چەوسانەوەی نەتەوەیی بووە، کە هەندێک جار بووەتە داخوازی سەرەکی خەباتی خەڵکی کوردستان. هەرچەندە، لە چوارچێوەی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی لە کوردستاندا، حیزبە ناسیونالیستەکان، لە ڕوانگەی بەرژەوەندییەکانی بۆرژوازی کوردەوە، هەوڵیان داوە داواکاری دیموکراسی و ئازادیخوازانە و یەکسانیخوازانەی خەڵکی کوردستان پەراوێز بخەن و بەم شێوەیە ئاسۆی ئەم بزووتنەوەیە بە هاوبەشبوونی خۆیان لە دەسەڵاتی سیاسی سنووردار بکەن، بەڵام بزووتنەوەی ڕادیکاڵ و سۆسیالیستی، بەهۆی دەوری سەرەکی کۆمەڵە، بەلێکگرێدانی خەبات بۆ نەهێشتنی چەوسانەوەی نەتەوەیی و داخوازییە دیموکراتیک ویەکسانیخوازەکانی دیکە لەگەڵ خەباتی چینایەتی، توانیویەتی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان بگۆڕێت بۆ یەکێک لە پایەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە و ئازادیخوازانە لە سەرتاسەری ئێران و ناوچەکەدا. ئاخێزی جەماوەری ژن، ژیان، ئازادی، وەک دوایین ئاڵوگۆڕی سیاسی و شۆڕشگێڕانەی ئێران و دەوری سەرەکی و پێشڕەوی خەڵکی کوردستان لەم پێشهاتەدا، ڕەنگدانەوەی ئەم واقیعەیەتن

لە کوردستانی عێراقدا، دوای ڕووخانی سەدام و دامەزراندنی سیستەمی فیدراڵی بە ڕێککەوتن و هاوکاریی ئەمریکا لەسەر بنەمای ناسنامەی نەتەوەیی و ئایینی، لایەنە ناسیۆنالیست و ئیسلامییەکان لە ڕێگەی سیستەمی پەرلەمانییەوە دەسەڵاتی سیاسییان لە نێوان خۆیاندا دابەش کردووە و بە کردەوە جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و خەڵکی چەوساوەی کوردستانیان لە ئیدارە و بەڕێوەبردن و چارەنووسی سیاسی کۆمەڵگا بەدەرکردووە، و داواکارییە دیموکراتیک و ئازادیخوازانە و یەکسانیخوازەکانیان سەرکوت و پەراوێز خستووە. ئەم حیزبانە خەباتی مێژوویی گەلی ستەملێکراوی کوردستانیان

کردۆتە پاڵپشتێک بۆ دەسەڵاتی سیاسی و قازانج و بەرژەوەندی چینایەتی خۆیان. هەرچەند لە کەلتوور و ئەدەب و هونەر و ئاڵا و سروود و هێمای نەتەوەیی و ناسیونالیستی بۆ کۆکردنەوەی خەڵک لە سندووقەکانی دەنگدان کەڵک وەردەگرن، بەڵام دوای سێ دەیە لە حوکمڕانی هێشتا نەیانتوانیوە ستەمی نەتەوەیی بنبڕ بکەن. بۆیە بەدرێژایی چەندین ساڵ گۆڕەپانی سیاسی عێراق جێگای ململانێ و مشتومڕ لە نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی ناوەند لەسەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی بووە، چارەنووسی دەرهێنان و هەناردەکردنی نەوت، تەرخانکردنی بودجەی حکومەت، کۆنترۆڵکردنی سنوورەکان، پێدانی مووچەی مانگانە بە فەرمانبەرانی حکومەت و هتد، و پرسی کورد بە چارەسەرنەکراوی، وەک ئێسکێک لە برینێکدا ماوەتەوە وچارەسەر نەکراوە

لە کوردستانی تورکیا، لە چل ساڵی ڕابردوودا بزووتنەوەیەکی جەماوەری لە دژی سیاسەتی شۆڤێنیستی و میلیتاریستی حکومەتی ناوەندی بۆ نەهێشتنی ستەمی نەتەوەیی بەردەوامە. پارتە ناسیۆنالیستەکانی وەک پەکەکە، پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) و دواتر پارتی دیموکراسی و یەکسانی گەلان (دەم پارتی) ڕێبەری ئەو بزووتنەوەیە بوون. ڕەوتێک کە بەناوی پارتی کرێکارانی کوردستان تێکۆشانی دەکرد، سەرەڕای ئەو ئاڵوگۆڕە بنەرەتیە فیکریانەی بەسەریدا هاتووە و ئەو گۆڕانکارییە بنچینەییانەی کە لە ستراتیژیە سیاسییەکەیدا ڕوویانداوە، هەڵوێست و ڕێبازی کردەیی هیچ کاتێک پەیوەندییان بە بەرژەوەندیی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستانەوە نەبووە. سەرەڕای ئەمەش، خەباتی چەکداری پەکەکە، وەک یەکێک لە گرنگترین بوارەکانی دەربڕینی ئەم بزووتنەوەیە، لەدژی حکومەتی تورکیا وەک ئەندامێکی ناتۆ و کاندیدی چوونە ناو یەکێتیی ئەورووپا و بە پێگەی جیۆپۆلەتیکی تورکیە و ڕەنگدانەوەی ڕێژەیی لە میدیا نێودەوڵەتییەکاندا، هەڵوێستێکی بابەتیتری بە پرسی نەتەوەیی کورد بەخشیوە لە چاو پێشووتر، وەک پرسێکی چارەسەرنەکراو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پڕ لە گێژاودا پێگەیەکی عەینی پێبەخشیوە

سەرەرای ئامادەیی و ڕاگەیاندنی چەند جارەی ئەم ڕەوتە بۆ دانوستان و دیالۆگ و ئاشتی و ئاشتەوایی لەگەڵ حکومەتی تورکیا و لەم دواییانەشدا پرۆسەی چەکدامالین و هەڵوەشاندنەوە پ کا کا، بەبێ ئەوەی ڕژێمی دەسەڵاتدار لە تورکیا بچوکترین نیازپاکی بەرامبەر بە خەڵکی کوردستانی تورکیا نیشان دابێت، بە پلەی یەکەم ئامانجی بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی بووە نەک بیرکردنەوە لە چارەسەرکردنی کێشەکە و کۆتاییهێنان بە ستەمی نەتەوەیی. ستراتیژی سیاسی هەدەپە و پاشان پارتی دیموکرات گەلان کە لەلای رای گشتی بە لقی ئاشکرا و یاسایی پەکەکە دەناسرین، بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی و ئیداری بووە لە ڕێگەی خەباتی پەرلەمانی و بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکان و کۆنترۆڵکردنی خەباتی جەماوەری لە چوارچێوەی تەسکی یاساکانی حوکمڕانانی تورکیا دا

کوردستانی سوریا یەکێک بووە لە ناوەندەکانی خەبات لە دژی چەوساندنەوە و جیاکاری و نایەکسانی نەتەوەیی کە لەلایەن حکوومەتە ناوەندییەکانەوە بەسەر گەلی کورددا سەپێنراوە. گەلی کورد لە سوریا بە باکگراوندێکی مێژوویی خۆیەوە ١٤ ساڵ لەمەوبەر چالاکانە بەشدارییان لە ڕاپەڕینی جەماوەری گەلی سوریا دژ بە دیکتاتۆریی ڕژێمی بەشار ئەسەد و کۆتاییهێنان بە جیاکاری و نادادپەروەری کرد ئەم ڕاپەڕینە جەماوەریە لە ئەنجامی سەرکوتکردنی خوێناوی و دەستێوەردانی حکوومەتە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە پەراوێز خرا و سوریا بوو بە گۆڕەپانی شەڕی ناوخۆیی و هێرشی گروپە تیرۆریستیە ئیسلامییەکان لەجیاتی حکوومەتە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە. لە کوردستانی سوریە، لە ژێر سەرکردایەتی پارتی یەکێتی دێموکراتی (پەیەدە) و لە چوارچێوەی بزووتنەوەیەکی جەماوەریدا و بە هۆی بۆشایی دەسەڵاتی سیاسی و کارگێڕی کە لە درێژەی شەڕی ناوخۆیی ناوچەکەدا هاتۆتە ئاراوە، هەلومەرج بۆ دامەزراندنی پێکهاتەی خۆبەڕێوەبەری بۆ خەڵکی ئەم هەرێمە ڕەخساند. ئەم دەزگا و ئەنجومەنانە خۆبەڕێوەبەرانە کە لە گوند و شارۆچکە و شارەکانی کوردستانی سوریا پێکهێنراون، لە غیابی دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندیدا کۆنترۆڵی حوکمڕانی و ئیدارە و بەڕێوەبردنی ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی خۆیان گرتە دەست. ئەم سیستەمە خۆبەڕێوەبردنە بە بەشداری کردنی خەڵک لە ئیدارە و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا، بە دابین کردنی پێداویستییەکانی پێکەوەژیانی کەمایەتییە نەتەوەیی و ئاینییەکان لەسەر بنەمای بە ڕەسمی ناسینی مافەکانی مرۆڤ و مافی یەکسانی ژنان و جیاکردنەوەی ئایین لە دامەزراوە حکومەتییەکان، ئەزموونێکی بەنرخی لە سەردەمی شەڕ و بەرخۆدان بەرامبەر بە ڕەوتە کۆنەپەرستە ئیسلامییەکان بەدەسهێنا

ئەم بزووتنەوەیە بەو پێگەیەی بەدەستی هێناوە بۆتە هێزێکی گرنگ لە ئاڵوگۆڕەکانی ئێستا و داهاتووی سوریا و لە هاوکێشە ناوچەییەکاندا. بەڵام پەیەدە کە ڕۆڵێکی ئەرێنیی گێڕا لە ڕابەرایەتیکردنی بزوتنەوەی جەماوەری و پاراستنی دەستکەوتەکانی، لەم ساڵانەی دواییدا بەهۆی پێداگری لەسەر هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئەمریکا و پێکهێنانی ستادی فەرماندەیی هاوبەش لەگەڵیدا، یان بە دڵخۆش کردن بە لێدوانی سەرانی دەوڵەتی فاشیستی ئیسرائیل کە لەوپەڕی دووڕوویی و فێڵبازیدا باس لە پشتیوانیی خۆیان بۆ گەلی کوردستان دەکەن؛ نە تەنیا بووەتە هۆی دروستبوونی نیگەرانی سەبارەت بە چارەنووسی بزوتنەوەی خەڵکی ستەمدیدەی کوردستانی سوریا، بەڵکوو زەربەیەکی قورسیشی داوە لە ئیعتباری ئەم بزووتنەوەیە لای بیروڕای گشتیی پێشکەوتووخواز و مرۆڤە ئازادیخواز و یەکسانیخوازەکان لەسەر ئاستی ناوچەکە و جیهان

سەرجەمی ئەم ئاڵوگۆڕانە، پرسی نەتەوەیی کوردی کردووە بە پرسێکی عەینی و بابەتی و لە هەمان کاتیشدا چارەسەرنەکراو، گۆڕیویەتی بۆ پێکهاتەیەکی حاشاهەڵنەگر لە شیکردنەوەی دۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. لەم هەلومەرجەدا، کۆمۆنیستەکان کە هەمیشە لە گۆشەنیگای بەرژەوەندییەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی چەوساوەی کوردستانەوە، بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشە کۆمەڵایەتییە و کۆتایی هێنان بە ستەمی نەتەوەیی، بەرنامە و ستراتیژیی سیاسیی ڕوونیان هەبووە، دەبێ بە پراتیکی چالاکانەی خۆیان ڕێگە نەدەن پرسی کورد ببێتە ئامرازێک بۆ سات و سەودای حیزب و هێزە ناسیۆنالیستەکان بە مەبەستی پشکبردن لە دەسەڵات و ببێتە کەرەستەیەک لە دەستی زلهێزە ناوچەیی و جیهانییەکاندا بۆ بردنەپێشەوەی نەخشە و پیلانە ناوچەییەکانیان

❋❋❋

# گەشەی مانگرتن و ناڕەزایەتییە کرێکارییەکان لەسەر بەستێنی پەرەسەندنی هەژاری و گرانی

لە بارودۆخێکدا کە گرانی و هەژاری و برسیەتی لە ئێران ژیانێکی سەخت و لەتاقەت بەدەری بەسەر کرێکاران و زەحمەتکێشانی کۆمەڵگەدا سەپاندووە؛ لە کاتێکدا کە بەپێی دانپێدانانی ئەندامێکی پێشووی کۆمیتەی دیاریکردنی حەقدەست لە شۆرای باڵای کاری ڕژێمی ئیسلامی، "ئەمڕۆ نرخی سەبەدی بژێو بە پێوەرە فەرمییەکان گەیشتووەتە نزیکەی ٥٨ ملیۆن تمەن، پایەی حەقدەستی کرێکارانی ژێر یاسای کار، بەپێی بڕیاری شۆرای باڵای کاری ڕژێم لە مانگی



ڕەشەممەی ساڵی ڕابردوو، بە هەموو مەزایاوە نزیکەی ١٥ ملیۆن تمەنە". ئەمەش یانی چوار هێندە لە ژێر هێڵی هەژاریدا ژیان بەسەر بردن. جێگای ئاماژەیە کە حەقدەستی ملیۆنان کرێکار کە لە دەرەوەی یاسای کاری ساختەی ڕژیمن، لەم بڕە پارە کەمەش نزمترە. ئەمە لە کاتێکدایە کە بەپێی ئاماری ناوەندەکانی خودی ڕژێم، بەهۆی بەردەوامیی قەیرانی پێکهاتەیی و ئیفلاسی ئابووریی حکوومەتی ئیسلامی، لەئێستادا ڕێژەی هەڵاوسانی خاڵ بە خاڵی بەشی خۆراک گەیشتووەتە سەرووی ٦٠٪

هەندێک لە میدیاکانی ناوخۆی ئێران لە مانگی ڕەزبەری ڕابردوودا ئاشکرایان کرد کە نزیکەی ٣٥٪ی ئەو مردنانەی تۆمار کراون بەهۆی بەدخۆراکی و نەگەیشتنی مادده خۆراکییە پێویستەکان بە جەستەیان بووە. هەر لەم پەیوەندییەدا، یەکێک لە مامۆستایانی ئابووریی زانکۆ هۆشداریی داوە کە بە بەردەوامبوونی ئەم ڕەوتە، ڕێژەی هەژاران لە ئێراندا دەگاتە ٤٠٪ی کۆی دانیشتووان. لەم بارودۆخەدا، چاودێرانی ئابووری پێشبینی دەکەن کە کەسری بوودجەی دەوڵەتی پزشکیان بۆ ساڵی داهاتوو دەگاتە سەرووی یەک تریلیۆن تمەن. یەکێک لە هۆکارەکانی ئەم کەسری بوودجەیە ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی بەشی زۆری داهات و سەرچاوە داراییەکانی وڵات و بەرهەمی ڕەنج و کاری کرێکارانی ئێرانی بۆ پێشبڕکێی چەکداری، زیادکردنی بوودجەی سپای پاسداران و هێزە سەرکوتکەرەکانی دیکە و درێژەدان بە سیاسەتە

شکستخواردووەکانی بۆ مانەوەی خۆی تەرخان کردووە

لەم دۆخەدا، ئەم حکومەتە گەندەڵە بۆ قەرەبووکردنەوەی بەشێک لەم کەسری بوودجە بەرینە، چاوی تەماحی بڕیوەتە بژێوی خەڵک و بەنیازە بە بەرزکردنەوەی نرخی سووتەمەنی و کاڵا سەرەکییەکانی دیکە، هەژاری و نەهامەتیی زیاتر بەسەر ژیانی بنەماڵەی کرێکاران و خەڵکی هەژاردا بسەپێنێت. بێگومان سەرانی ڕژێم دەزانن کە بەرزکردنەوەی نرخی بەنزین و گاز تەنها پرسێکی ئابووری نییە، بەڵکوو ڕیسکێکی سیاسییە بۆ تەواوی دەسەڵاتەکەیان. ئەوەش لە کاتێکدا کە



ڕژێمی کۆماری ئیسلامی لە لاوازترین دۆخ و پێگەی ناوخۆیی و دەرەکیدایە و ڕووبەڕووی چەندین قەیرانی گەورە بووەتەوە. بەتایبەت ئەوەیکە دەرەنجامەکانی ڕاپەڕینە خوێناوییەکەی خەزەڵوەری ٩٨یان لە بیر ماوە

بەم حاڵەوە، ڕژێمی داماوی کۆماری ئیسلامی ڕۆژی یەکشەممە، ٢٥ی خەزەڵوەر، بە دەرکردنی بەخشنامەیەک، بەرزکردنەوەی پلە بە پلەی نرخی سووتەمەنیی بە فەرمی خستە دەستووری کارەوە. لەم بەخشنامەیەدا دوو پەیام بە داڕشتنێکی فریوکارانەوە جێگیر کراون: یەکەمیان "بەرزکردنەوەی نرخی سووتەمەنی بە ئامانجی قەرەبووکردنەوەی کەسری بوودجە"، واتە قەرەبووکردنەوەی وەرشکستەیی دەسەڵات، و دووەمیان "جێبەجێکردنی قیمەتگوزاری بەشێوەی پلە بە پلە بۆ مودیرییەتی مەسرەف و هەدەفمەند کردنی یارانەکان"، واتە درێژەی بەرزبوونەوەی قیمەتەکان. جێگری جێبەجێکاری پزشکیان بە شێوەیەکی بێشەرمانەتر ڕایگەیاند کە: "پێویستە نرخی بەرق و گاز و بەنزین گران بکرێت"

ئاشکرایە کە بڕیاری بەرزکردنەوەی نرخی سووتەمەنی، وەک کاڵایەک کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر بەرزبوونەوەی نرخی کاڵاکانی دیکەش هەیە، هەروەک خەزەڵوەری ساڵی ٩٨، بە ڕەزامەندیی عەلی خامنەیی و ڕێبەریی سپای پاسداران دراوە. ئەم بڕیارە نیشانەی ئەوپەڕی وەرشکستەبوونی ئابووریی حکومەتی ئیسلامییە و بە هیچ شێوەیەک ناتوانێت قەیرانە بەرینە ئابوورییەکەی ڕژێم چارەسەر بکات. حکومەتێک کە سەروەت و سامانی کۆمەڵگە و بەرهەمی ڕەنج و کاری کرێکارانی لە ستاتێژی پرهەزینە و شکست خواردووی پاراستنی دەسەڵاتدا بەفیڕۆ داوە، هیچ ڕێگەیەکی نییە جگە لەوەی فشاری زیاتر بخاتە سەر ژیانی جەماوەری خەڵک. ئەمەش لە کاتێکدایە کە سەرانی ڕژێم باش دەزانن ئەم جۆرە بڕیارانە بۆیان گران تەواو دەبێت و ڕووبەڕووی ناڕەزایەتیی توندتری جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش دەبنەوە

ڕژێمی کۆماری ئیسلامی لە کاتێکدا هەوڵی بەرزکردنەوەی نرخی سووتەمەنی دەدات کە لە هەفتەکانی ڕابردوودا بەرەوڕووی شەپۆلێکی نوێی مانگرتنی کرێکاری و ناڕەزایەتیی توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگە لەوانە پەرستاران، خانەنشینان و مامۆستایان و هیتر بووەتەوە. ناڕەزایەتی و ڕێپێوانە شکۆدارەکەی زیاتر لە سێ هەزار کرێکاری پەیمانیی ناوەندی گازی پارسی جنووبی و کۆبوونەوەیان لە بەردەم بینای سەرەکیی ناوەندەکە لە عەسەلوویە لە ڕۆژی سێشەممە، ٢٠ی خەزەڵوەر، یەکێک لەو نموونانە بوو. لەم ناڕەزایەتییەدا، کرێکارانی ئەرکانی سالس، کرێکارانی شیرکەتی و پەیمانیی فازە جۆراوجۆرەکانی پارسی جنووبی و پاڵاوگەی فەجری جەم، بە بەرزکردنەوەی دروشم خوازیاری یەکسانکردنی مووچە، گۆڕینی شێوازی کار و لابردنی پەیمانکارەکان و چەندین خواستی دیکە بوون. هەر لەو ڕۆژەدا، کارمەندانی بێهزیستی لە زیاتر لە ٢٠ شاردا لە دژی بارودۆخی نامرۆڤانەی کار، فشاری زۆری کار، کەمبوونی حەقدەست و دۆخی فەلاکەتباری بژێوییان، کۆبوونەوەی ناڕەزایەتییان بەڕێوەبرد

ڕۆژی چوارشەممە، ٢١ی خەزەڵوەر، چەندین کۆبوونەوەی ناڕەزایەتیی دیکە لەوانە کۆبوونەوەی کارمەندانی شیرکەتی نەوتی فەلاتی قارە لە ناوچەی خارک، کۆبوونەوەی دەکەداران و کیووسکداران لە بوشێهر، کۆبوونەوەی ناڕەزایەتیی پەرستارانی نەخۆشخانەکانی مەشهەد و کۆبوونەوەی داواکارانی مەسکەنی میللیی ئیسفەهان، بەڕێوەچوون. ڕۆژی شەممە، ٢٤ی خەزەڵوەر، کرێکارانی ناوەندی پارسی جنووبی لە ٩ بەشی پاڵاوگەکاندا دەستیان دایە کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی. هەر لەو ڕۆژەدا، بەشێک لە کرێکارانی قەراردادی سەربە حەراسەتی مەیدانی نەوتیی غەربی کارون لە دژی دۆخی نالەباری بژێوییان کۆبوونەوەیان بەڕێوەبرد. ڕۆژی یەکشەممە، ٢٥ی خەزەڵوەریش، کرێکارانی خانەنشین لە شارە جۆراوجۆرەکان، لەوانە ئەهواز، شووش، کرماشان و ڕەشت و سەنعەتی پۆڵای ئەسفەهان، کۆبوونەوەی ناڕەزایەتیی خۆیان بەڕێوە برد

بەڵام لەپێناوی بە ئاکام گەیشتنی کۆبوونەوە ناڕەزایەتییەکان، لە بارودۆخی نەبوونی ڕێکخراوی جەماوەری و چینایەتیی سەرتاسەریدا، پێویستە چالاکانی سۆسیالیستی بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە لە پەیوەند لەگەڵ یەکتردا بۆ پێکهێنانی "شۆرای هاوکاریی چالاکان و ڕێبەرانی کرێکاری" هەنگاوی زیاتر هەڵگرن. پەیوەستبوونیان بەیەکەوە و دروستکردنی هەماهەنگی بۆ بەڕێوەبردنی مانگرتن و ناڕەزایەتیی سەرتاسەریی کرێکاری دەتوانێت لە گەشەپێدانی ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان و هەروەها لە ڕووخاندنی ڕژێمی کۆماری ئیسلامیدا یارمەتیدەر بێت

***

## کرێکارانی ئازیز!
## خۆکوشتن ڕێی نەجات نییە، با ئیرادەمان یەکبخەین

بەپێی ڕاپۆرتەکان، ڕۆژی یەکشەممە، ٢٥ی خەزەڵوەری ١٤٠٤ی هەتاوی، "فەریدون ڕۆستەمی"، خاوەن بڕوانامەی کارناسی و کارمەندی بەئەزموونی شارەوانیی شارۆچکەی کانی دیناری مەریوان، بەهۆی گوشارە بەردەوامەکانی مەئموورانی حەراسەتی ئەو ناوەندە، هەوڵی خۆسووتاندنی دا. لەدوای ئەو هەوڵە، هاوکارەکانی توانییان بە بەکارهێنانی کپسولی ئاگرکوژێنەوە و لەنێو گەمارۆی هێزە ئەمنییەکاندا، ژیانی ڕزگار



بکەن. هەروەها، بەیانیی ڕۆژی چوارشەممە، ٢١ی خەزەڵوەر، "شاهۆ سەفەری"، تەمەن ٣٤ ساڵ و باوکی دوو منداڵ کە یەکێک بوو لە کارمەندانی ئاگرکوژێنەوەی شارەوانیی سنە، لە ناڕەزایەتی بە دواکەوتنی حەقدەست و مووچەی چوار مانگی، لە بەردەم بینای ئاگرکوژێنەوەدا هەوڵی خۆسووتاندنی دا. ڕۆژی دووشەممە، ١٥ی خەزەڵوەری ١٤٠٤، لە پارێزگای لوڕستان، "کورش خەیری"، کرێکاری بەشی گواستنەوە، کە بەهۆی دەرکران لە کار و وەرنەگرتنی مووچەی دواخراو تووشی گوشارێکی دەروونیی توند ببوو، لە هەوڵێکی ناڕەزایەتیدا لە حەوشەی شوێنی کارە پێشووەکەی خۆی سووتاند. لە ١١ی خەزەڵوەریشدا، "ئەحمەد بالدی"، خوێندکاری ٢٠ ساڵەی بەشی نەخشەکێشیی بیناسازی، لە ناڕەزایەتی بە ڕووخاندنی چێشتخانەی بنەماڵەکەی لە ئەهواز، لە بەردەم مەئموورانی شارەوانیدا ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا و لە ڕێکەوتی ٢٠ی خەزەڵوەر گیانی لەدەست دا. تەنها ئەم چەند نموونەیە و دەیان نموونەی دیکەی تراژیدیای خۆکوشتنی کرێکاران، دەریدەخەن کە هەژاری و دەستکورتی، کارەساتی بێکاری و بێبەشبوون لە سەرەتاییترین پێداویستی و ئیمکاناتی ژیان، چۆن سێبەری ترسناکی خۆی بەسەر کۆمەڵگای کرێکاریی ئێراندا کێشاوە و ژیان و ئارامیی دەروونیی کرێکاران و بنەماڵەکانیانی هەژاندووە

هەموو ئەم تراژیدیایانە خاڵێکی هاوبەشیان هەیە: گوشاری لەڕادەبەدەری ئابووری، نەبوونی ئەمنییەتی شوغڵی، سڕینەوەی تەواوەتیی ئامرازەکانی دەربڕینی ناڕەزایەتی و بنبەستی پێکهاتەیی سەرمایەداریی کۆماری ئیسلامی. ئەم مردنانە ناتوانرێت تەنها وەک تراژیدیایەکی تاکەکەسی سەیر بکرێن؛ بەڵکوو بەڵگەی زیندووی توندوتیژیی سیستماتیکن

و هاوارێکی کپکراون کە لە نەبوونی هەر دەرفەتێکی دیکە بۆ ناڕەزایەتی، بە شێوەیەکی دڵتەزێن خۆیان دەردەبڕن. کرێکارێک کە چەندین مانگە حەقدەستی وەرنەگرتووە، کرێکارێک نانی شەوی نییە، کرێکارێک شەرمی سەیرکردنی چاوی منداڵەکانی دایدەگرێت، کرێکارێک ئەمنییەتی شوغڵیی نییە و بچووکترین ناڕەزایەتیی بە هەڕەشە و دەرکردن وەڵام دەدرێتەوە، لە ڕاستیدا لە گەمارۆیەکی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتیدا گیری کردووە. خۆکوشتنی کرێکار هەڵبژاردن نییە، بەڵکوو بەرهەمی سیستمی سەرمایەدارییە کە بەرەو ئەو ئاقارە پاڵی پێوە دەنێت. ئەمە واقعییەتی تاڵی توندوتیژیی بێسنووری سەرمایەیە؛ توندوتیژییەک کە لە قاڵبی گرێبەستی کاتی، بەتایبەت کردن، سەرکوتی ڕێکخراوە سەربەخۆکان و سەندیکاکان، گرانیی لەرادەبەدەر و قەرزی زۆر، بەسەر جەستە و دەروون و ژیانی چینی کرێکاردا دەسەپێت



سەرمایەداران، خاوەنکاران و دەوڵەتە ئیسلامییە پشتیوانەکانیان، هەمیشە هەوڵ دەدەن خۆکوشتن بە "کێشەی تاکەکەسی"، "تێکچوونی دەروونی" یان "لاوازیی شەخسییەتی"ەوە ببەستنەوە. ئەمە ڕێک ئەو ڕوایەتەیە کە دەیەوێت بەرپرسیارێتی لە ئەستۆی دەسەڵات بکاتەوە. بەڵام واقعییەتی مەیدانی و توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان شتێکی تر دەڵێن. زۆرینەی ئەو کرێکارانەی هەوڵی خۆکوشتنیان داوە، پێش ڕووداوەکە ژیانیان لەژێر باری قەرز، بێکاری، شەرمەزاری لە دابینکردنی کەمترین پێداویستییەکان و لە نائومێدیی موتڵەقدا بووە. زۆربەیان لەدوای چەندین مانگ حەقدەستی دواخراو، دەرکرانی لەناکاو یان گوشاری خاوەنکار گەیشتوونەتە ئەم ئاستە. هیچ کام لەو کرێکارانەی لەم هەفتانەی دواییدا گیانیان لەدەست دا، لە "پشتگیریی کۆمەڵایەتی، یەکێتی یان ڕێکخراوی پیشەیی ڕاستەقینە" بەهرەمەند نەبوون. سەرمایەداری بە قەیرانسازی، هەژاری و سەرکوت، کرێکار دەباتە لێواری هەڵدێر و پاشان کۆمەڵگا ناچار دەکات کە ئەو بە تاوانبار بزانێت

گومان لەوەدا نییە کە خۆکوشتنی کرێکاران، فەریدون ڕۆستەمی، شاهۆ سەفەری، کورش خەیری و ئەحمەد بالدی، جۆرێکە لە ناڕەزایەتی، لەسەر بنەمای بێتوانایی و بێدەسەڵاتی، دژبە موسیبەتەکانی سیستمی سەرمایەداری لەژێر دەسەڵاتی گەندەڵی ئیسلامیدا. خوکوژی پەناگەیەکە کە مرۆڤی ناڕازی و لەخۆنامۆ لەڕووی بێتواناییەوە پەنای بۆ دەبات. ناڕەزایەتییەکی بێهیوایانەیە دژبەو دەسەڵاتە گەندەڵ و تەماحکارەی کە بەرهەمی کاری کرێکار داگیر دەکات، بەڵام حازر نییە بەهای دووبارە بەرهەمهێنانەوەی هێزی کار، کە دەبێتە تێچووی پێداویستیی ڕۆژانەی کرێکار و بنەماڵەکەی بۆ دابینکردنی خۆراک و پۆشاک و تەندرووستی، بدات. گرانیی بێسنوور و ڕەهەندەکانی هەژاری و نەهامەتی کە لەژێر دەسەڵاتی ئیسلامیی سەرمایەداراندا بەسەر خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی کۆمەڵگادا سەپێنراوە، هۆکاری ئەم خۆکوشتنانەیە. بۆیە نابێت قوربانییانی خۆکوشتن بەهۆی پەنابردنیان بۆ ئەم بێ‌پەناییە، مەحکووم بکرێن

پێویستە سەرنج بدرێتە ئەو بابەتە کە چلۆن حکوومەتی ئیسلامیی سەرمایەداران ژیان و گیانی خەڵکی بە بارمتە گرتووە. چلۆن بە لەشکری بەرینی سپاهی و هێزی ئەمنییەتی، بە ژمارەی بەرینی زیندان و ئەشکەنجەخانەی جەستەیی و دەروونی و بە کەرەستەی مەرگ، هەر ناڕەزایەتییەک دژبەم بارودۆخە بە سەرکوت وەڵام دەداتەوە. چۆن دەتوانین سەیری ملیۆنان کرێکار و ئینسانی ڕەهاکراو لەناو هەژاری و نەهامەتی بکەین کە لەلایەن کەمینەیەکی دەسەڵاتدار و زەرووسفەتەوە ئەم بارودۆخەیان بەسەردا سەپاوە؟ بە سەرزەنشت و مەحکوومکردنی دیاردەی خۆکوژی و سەرزەنشتی قوربانییانێک کە ئێستا لەنێو ئێمەدا نین تا لە مافی خۆیان دیفاع بکەن، ناتوانین ڕیشەی دیاردەی خۆکوژی وشک بکەین. پێویستە بەرەنگاری ئەو نیزامە کۆمەڵایەتییە ببینەوە کە تێیدا مرۆڤ سەرەڕای بوونی ملیۆنان کەس لە هاونەوعەکانی، هەست بە تەنیایی دەکات. بێگومان، کۆمەڵگایەک کە تێیدا فەریدون، شاهۆ، کورش و ئەحمەد بالدی بەمجۆرە بەرەوپیری مەرگ دەچن، کۆمەڵگەیەکی یەکجار نەخۆشە. هۆکاری ئەم خۆکوژییانە، ئەو ئەشکەنجە ئاشکرا و نهێنییانەن کە گرانی و هەژاری و نەهامەتیی ئابووری بەسەر ئەم قوربانییانەیدا دەسەپێنێت. بۆ وشک کردنی ریشەی خۆکوشتن وەک بەڵایەکی کۆمەڵایەتی، دەبێ پێکهاتەی ئابووری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی ئێستا بگۆڕدرێت.

لە بارودۆخی ئێستادا ئەگەرچی گرانیی بێسنوور، دابەزینی توانای کڕینی کرێکاران و هەژاری و فەلاکەتی ئابووری بارودۆخێکی یەکجار دژواری بەسەر کرێکاران و توێژەکانی خوارەوەی کۆمەڵگەدا سەپاندووە و لەشکری گەورەی بێکاران، دەستی سەرمایەداران و خاوەنانی سەنعەتی بۆ توندکردنەوەی چەوساندنەوەی کرێکاران ئاواڵە هێشتووەتەوە، بەڵام لەلایەکی دیکەشەوە هێزێکی کۆمەڵایەتیی وەگیانهاتوو و ناڕازیی بەشێوەی جەماوەری هاتووەتە مەیدان کە بەردەوام ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ سەرمایەداران و خاوەنکاران و دەسەڵاتی ئیسلامیی توندتر دەکاتەوە و بەرەو ڕووخاندنی حکوومەتی ئیسلامیی هەنگاو هەڵدەگرێت. دەبێ باوەڕ بە هێزی خۆمان بکەین. پێویستە تیغی هەژاری و بێکاری بخرێتە سەر گەردنی حکوومەتی ئیسلامیی سەرمایەداران. پێویستە بە کاری ماندووینەناسانەی وشیاریدەرانە و ڕێکخەرانە ڕێگە نەدەین هیچ هاوڕێیەکی کرێکار، بەتایبەت کرێکارانی لاو و کەم ئەزموون، لەناو ئەم لەشکرە مەزنەی کرێکاران و هەژارانی کۆمەڵگەدا، هێندە لە تەنیایی خۆیاندا نوقم بن کە پەنا بۆ بێپەنایی و نابوودیی خۆیان بەرن.

❋❋❋

# ژنکوژی و پێویستیی گۆڕانکاریی بنەڕەتی

ڕاپۆرتە بڵاوکراوەکانی شەش مانگی یەکەمی ساڵی ١٤٠٤، وێنەیەکی کۆمەڵگای ئێران دەخەنە ڕوو کە زیاتر لە هەر کاتێکی تر لەبەردەم توندوتیژیی پێکهاتەییدایە. لە ماوەیەکی کورتدا ٤٥ بۆ ٦٢ ژن کوژراون. لە وەرزی هاویندا، ئاماری کوشتنەکان لە ژێر ناوی "ناموس" گەیشتووەتە ڕێژەی مانگانەی ١٠ حاڵەت، واتە هەر سێ ڕۆژ ژنێک. زیاتر لە ٥٤٪ی ئەم کوشتنانە لەلایەن هاوسەرەوە و بەشێکی گەورەی لەلایەن باوک و براوە ئەنجام دراون. ئەم مردنانە ڕووداوی پەراکەندە نین، بەڵکوو ئەو ساتانەن کە تێیدا توندوتیژیی پیاوسالارانە، هەژاریی ئابووری و دەسەڵاتی سیاسی پێکەوە جەستەی ژن دەکەنە ئامانج. هەر بۆیە، پێویستە ئەم دیاردەیە نەک وەک شتێکی نەشیاوی کۆمەڵایەتی، بەڵکوو وەک دەبێ وەک ئاکامی لۆژیکیی پەیوەندیی خاوەندارێتی، کۆنترۆڵ و زاڵبوون لە کۆمەڵگای سەرمایەداریی پیاوسالاردا هەڵسەنگێندرێت

لە گەڕەکە کرێکاری و پەراوێزنشینەکان، لە تارانەوە تا ئەهواز و لە ورمێوە تا زاهیدان، توندوتیژی دژی ژنان بووەتە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانە. ئەوەی کە سەردەمانێک مایەی ڕیسوایی بوو، ئەمڕۆ بووەتە «شتێکی ئاسایی». کاتێک میدیا حکوومەتییەکان و دەزگای دادوەری، ژنکوژی بە «کێشەی خێزانی» ناودەبەن، لە ڕاستیدا زمانی فەرمیی دەسەڵات، شەرعییەت بە توندوتیژی دەبەخشێت. ئەم زمانە نەک هەر ڕاستی دەشارێتەوە، بەڵکوو توندوتیژی وەک دیاردەیەکی سروشتی، قبووڵکراو و ئاسایی نیشان دەدات

توندوتیژیی پێکهاتەیی وەک هەوای ئاڵوودە و پیس وایە کە نابینرێت، بەڵام لە هەموو هەناسەیەکدا بوونی هەیە. لە نێو دڵی ئابووریی دارماو، دابەزینی توانای کڕین و پەرەسەندنی هەژاری و بێکاریی پێکهاتەییدا، توندوتیژییش زیادی کردووە. ئەو پیاوانەی لە شوێنی کار سووکایەتیان پێ دەکرێت، لە کارەکەیان نامۆ بوون، کرێکەیان پێداویستییە سەرەتاییەکانی خێزانەکەیان دابین ناکات و هیچ کۆنترۆڵێکیان بەسەر ژیانی گشتیی خۆیاندا نییە، دەگەڕێنەوە ماڵەوە تا دوا پەناگەی دەسەڵاتی خۆیان بپارێزن. لە بارودۆخێکی وەهادا، توندوتیژی دژی هاوبەشی ژیان، دژی ژن، تەنیا ئامرازێکە کە بە خەیاڵی خۆیان «دەسەڵات»یان بۆ دەگەڕێنێتەوە. بۆ سیستەمی سەرمایەداری، بنەماڵەی پیاوسالار دامەزراوەیەکی پێویستە. بەرهەمهێنانەوەی هێزی کار، لە کاری ماڵەوە تا چاودێری، لەسەر شانی ژنە و ئەم کارە بێکرێیە، قازانجی سەرمایە مسۆگەر دەکات. هەر بۆیە، ژن دەبێت «گوێڕایەڵ، پاشکۆ و کۆنترۆڵکراو» بمێنێتەوە

ژنکوژی، ئەم تاوانە قێزەونە، ئەو ساتەیە کە ئەم کۆنترۆڵە دەبێتە توندوتیژییەکی توخ. یاسا لە ئێراندا ئامرازی بەرهەمهێنانەوەی زۆردارییە. لە «مافی» پیاو لە تەڵاقدانەوە تا جیاوازیی خوێنبایی، لە کەمکردنەوەی سزای قەتڵی "ناموسی" تا پێناسەکردنی پیاو وەک «سەرپەرشتیار»، هەموو ئەوانە رایدەگەنێت کە جەستەی ژن بەشێکە لە موڵکی پیاو. ژنکوژەکان، زۆربەی کات بەبێ هەستکردن بە تاوان، لەو باوەڕەدان کە یاسا پشتیان دەگرێت؛ و ڕاستییەکەشی ئەوەیە کە یاسایەکی لەم چەشنە، هەر بۆ ئەم کارە دارێژراوە

دوای ئەزموونی ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی "ژن، ژیان،

"ئازادی"، ژنان و کچانی لاو زیاتر لە هەر کاتێکی تر داوای سەربەخۆیی ئابووری، ئازادیی تاکەکەسی، ئازادیی جنسی و مافی هەڵبژاردنی شێوازی ژیانیان دەکەن. ئەم گۆڕانکارییە، بناغەکانی خێزانی پیاوسالاری خستووەتە ژێر پرسیارەوە. ئەو ژنانەی کە دەیانەوێت کار بکەن، بخوێنن، تەڵاق وەربگرن، یان لە پەیوەندییەکی توندوتیژ هەڵبێن، دەبنە قوربانی؛ نەک تەنیا لەبەر «شکاندنی دابونەریت»، بەڵکوو لەبەر هەڕەشە کردن لە سیستەمی پێکهاتەیی باو. توندوتیژیی ناوماڵ لە توندوتیژیی حکوومەتی ئیسلامی جیا ناکرێتەوە. هەر ئەو حکوومەتەی کە بە باتۆم، هەڕەشە، گوللە و سێدارە خۆی بەسەر شەقامدا دەسەپێنێت و لە ڕاستیدا لۆژیکی توندوتیژیی کردووەتە مۆدێلی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی، هەوڵ دەدات پلەبەندی، کۆنترۆڵ، گوێڕایەڵی و سەرکوت لە ژینگە بچووکەکەی ماڵەوەشدا بسەپێنێت

لە ئێران و لە ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، زاڵبوونی یاسا ئایینییەکان، نەریتەکانی کۆمەڵگای پیاوسالار، چاولێکردنی ژن وەک کاڵا و بەشودانی منداڵان، بارودۆخی ئەم کوشتنە قێزەونانەیان خولقاندووە. پیاوانی بنەماڵە کە لە ژێر کاریگەریی ئەم کەلتوورە دواکەوتوو و کۆنەپەرستانەیەدان، وەک فەرمانڕەوای ماڵ، دەستدرێژیی سێکسی بە «مافێکی سروشتیی» خۆیان دەزانن و هاوکات کوشتنی ژنانیش بە «بەرگریکردن لە ناموسی» خۆیان هەژمار دەکەن. لە هەردوو حاڵەتەکەدا، ژنە کە دەبێتە قوربانی. ئەگەر ژن کاڵایە، کەواتە کۆمەڵگای بۆرژوازیی پیاوسالار ئەو مافە بە خۆی دەدات کە چۆنی بوێت، ئاوا هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەم کاڵایەدا بکات. جارێک وێنەی ژن وەک ڕیکلام بۆ فرۆشتنی کاڵاکانی تر بەکاردەهێنێت و بە دار و دیوارەوە هەڵیدەواسێت یان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوی دەکاتەوە. جارێکی تر بە ناوی کرێکاری سێکسی و جارێکی تر بە ناوی سیغە لە بازاڕی پڕقازانجی لەشفرۆشیدا هەڕاجی دەکات. لە چادر و لەچکدا دەیپێچێتەوە تا لە چاوی خەڵکی تری بپارێزێت. لە ستایشی منداڵ هاوسەریدا دەست دەکا بە تەبلیغ و پروپاگەندە، بەڵام ئەگەر پێویست بکات، «بەڵگەنامەی نەتەوەیی مافەکانی منداڵ» و «گەڵاڵەی قەدەغەکردنی توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان» هەڵدەبەستێت

لە بەرانبەر ئەم بارودۆخەدا، چینی کرێکار هاوکات لەگەڵ ئەوەیکە دەبێت دژی میراتی کۆنی پیاوسالاری لە نێو ڕیزەکانی خۆیدا خەبات بکات، پێویستە خەبات دژی توندوتیژیی جێندەری بە ئەرکی خۆی بزانێت. پێویستە ژنانی کرێکار لە ڕیزی پێشەوەی خەباتی ڕێکخراو بۆ بنبڕکردنی توندوتیژی بەرامبەر بە ژناندا بن. بزووتنەوەی کرێکاری دەبێت هاوپشتی لەگەڵ ژنانی قوربانیی توندوتیژی و ڕاکێشانیان بۆ ناو خەباتی بەکۆمەڵ بە ئەرکی خۆی بزانێت. ژنان بە دروستکردنی ڕێکخراو و دامەزراوەی سەربەخۆ لە دەوڵەت، دەتوانن توندوتیژیی ناوماڵ لە چوارچێوەی تایبەت دەربهێنن. پێویستە ڕێبەران، دامەزراوە و ڕێکخراوە سەربەخۆکانی کرێکاران بە هەڵوێست گرتن لە ئاست ژنکوژی و توندوتیژی دژی ژنان، هەستیاریی کۆمەڵگە بزوێنن. بەبێ بەشداریی چالاکانەی چینی کرێکار، هیچ گۆڕانکارییەکی پێکهاتەیی قووڵ مومکین نییە. پەرەپێدان بەم توندوتیژییە نەک لە هێزەوە، بەڵکوو لە لاوازیی پێکهاتەی سیاسیی دەسەڵاتدار و ترسی لە ئازادیی ژنانەوە سەرچاوە دەگرێت. بەڵام ئەم خوێنانە دەتوانن ڕیشە داکوتن و ببنە هێزێکی کۆمەڵایەتی بۆ گۆڕانکاریی بنەڕەتی

***

# هەڵوێستی شەڕەنگێزانەی خامنەیی، لەسەر بەستێنی توندبوونەوەی گەمارۆ نێونەتەوەییەکان

ڕۆژی چوارشەممە، ٢١ی خەزەڵوەر، وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی گرووپی حەوت کە پێکهاتوون لە (ئەمریکا، کانەدا، ژاپۆن، ئیتالیا، بریتانیا، فەڕانسە و ئاڵمان)، لەگەڵ "کایا کالاس" بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی یەکێتیی ئورووپا، لە کۆتایی کۆبوونەوەیەکی دوو ڕۆژەدا لە کانەدا، لە بەیاننامەیەکی هاوبەشدا داوایان لە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی کرد کە لەگەڵ ئەمریکا بکەوێتە وتووێژی ڕاستەوخۆوە. لەم بەیاننامەیەدا ئەوان هەروەها ئاماژەیان بەوە کرد کە: "ئێمە داوامان لە کۆماری ئیسلامی کردووە، بە تەواوی پابەندی ئەرکەکانی بێت




لە بڕیارنامەکانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان و پەیماننامەی قەدەغەکردنی پەرەپێدانی چەکی ئەتۆمی. لە بەیاننامەکەدا هەروەها هاتووە: "کۆماری ئیسلامی دەبێت لەگەڵ ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆمی هاوکار بێت و ڕێگە بدات پشکنین بۆ هەموو ماددە و دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێران بکرێت". سەرەڕای ئەوە، لەم بەیاننامەیەدا داواشیان لە هەموو وڵاتانی ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان کردووە کە لە جێبەجێکردنی یاسایی میکانیزمی ماشە و ڕەچاوکردنی گەمارۆکان، پابەندی ئەرکەکانیان بن

هەڕەشەکانی گرووپی حەوت لە دوای بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتێکی نهێنی "ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆمی" لە ڕۆژی چوارشەممە ٢١ی خەزەڵوەر دێت، کە تێیدا ئاماژە بەوە کرابوو: "لە دوای هێرشی ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ سەر دامەزراوە ئەتۆمییەکانی کۆماری ئیسلامی لە جەریانی شەڕی ١٢ ڕۆژە، ئەم ئاژانسە توانای پشتڕاستکردنەوەی کۆگاکانی یۆرانیۆمی پیتێنراو لە ئاستی نزیک بە چەکی ئەتۆمی لەدەستداوە و پێویستە دۆخی ئەم ماددانە هەرچی زووتر لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت"

لە بەرامبەر ڕاپۆرت و هەڕەشەکانی ئاژانس و دەوڵەتانی گرووپی حەوت، ئیسماعیل بەقایی، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ڕژیمی ئیسلامی، داواکارییەکەی ئەوانی بە "دووڕووانە و دەستتێوەردەرانە" ناوبرد و ڕایگەیاند کە ئەم داواکارییە بەبێ بچووکترین ئاماژە بە هێرشە هاوبەشەکانی ئەم دواییەی ئەمریکا و ئیسرائیل و بۆ پشتیوانیکردن لێیان ئەنجام دراوە. ناوبراو وتی کە ئەم داواکارییە لەئانقەست، هەموو دەستپێشخەری و هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ پێشخستنی دیپلۆماسی نادیدە گرتووە. سەرەڕای ئەوە، وەزارەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ڕۆژی پێنجشەممە ٢٢ی خەڵوەر بە دەرکردنی بەیاننامەیەک ڕایگەیاند: "دووپات بوونەوەی هەڵوێستەکانی وڵاتانی ئەندامی گرووپی حەوت لە پشتیوانیکردن لە هەنگاوی ئورووپا و ئەمریکا بۆ کاراکردنەوەی مێکانیزمی ماشە و گەڕاندنەوەی بڕیارنامە و گەمارۆکانی پێشووی ئەنجوومەنی ئاسایش، بە واتای پشتیوانیکردنە لە هەنگاوێکی پێشێلکارانەی نێودەوڵەتی"

ئەم هەڵوێستانەی وەزارەتی دەرەوەی ڕژێم، لە دوای وتارەکانی عەلی خامنەیی لە ڕۆژی ١٢ی خەزەڵوەر دێت کە تێیدا وتی: "دروشمی مەرگ بۆ ئەمریکا، نیشانەی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ هەژموونی ئەمریکایە. داگیرکردنی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی هێمایەک بوو بۆ دەرکەوتنی ناسنامەی ڕاستەقینەی ئەمریکا و نیشانەی دوژمنایەتیی زاتیی ئەمریکا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بوو. ناکۆکیی ئێران و ئەمریکا تاکتیکی نییە، بەڵکوو زاتییە و لە ناسازگاریی بەرژەوەندی و لە زاتی ئیستکباریی ئەمریکا بەرامبەر بە شۆڕشی ئیسلامی و سەربەخۆیی ئێرانەوە سەرچاوە دەگرێت". خامنەیی بە دەرئەنجام وەرگرتن لەم لێدوانانە ڕایگەیاند، تا کاتێک واشینگتۆن لە ڕژیمی زایۆنی پشتیوانی دەکات و بنکە سەربازییەکانی لە ناوچەکە کۆ نەکاتەوە، ئەگەری تاوتوێکردنی هاوکاری بوونی نییە. پێویستە ئەمریکا بە تەواوی دەستوەردان و پشتیوانییەکانی لە ڕژیمی زایۆنی بوەستێنێت. هەڵبەت پێش ڕاگەیاندنی ئەم مەرجانە، لە سەرەتاکانی مانگی ڕەزبەریشدا کاتێک پزیشکیان بۆ بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بەرەو نیویۆرک بەڕێکەوت و باسی درێژەدان بە وتووێژی عەباس عێراقچی و شاندی یاوەری لەگەڵ ئەمریکا و سێ وڵاتی ئەندامی ئەندامی ڕێککەوتنی بەرجام بە مەبەستی ڕێگریکردن لە کاراکردنەوەی میکانیزمی ماشە لە ئارادا بوو، عەلی خامنەیی بە مەبەستی تێکدانی، ڕایگەیاند: "وتووێژ لەگەڵ ئەمریکا هیچ سوودێکی بۆ ئێمە نییە و ناتوانێت یارمەتیی چارەسەرکردنی هیچ کام لە کێشەکانمان بدات". ئەم وتانەی ئەو، گەڕاندنەوەی گەمارۆکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و وڵاتانی ئورووپایی دژی ئێران مسۆگەر کرد. گەڕانەوەی ئەم گەمارۆیانە تێچوویەکی قورسی دیکەی خستووەتە سەر ژیانی هەژارانەی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی کۆمەڵگا

ئێستا پێنج مانگ دوای شەڕی ١٢ ڕۆژەی ئیسرائیل دژی کۆماری ئیسلامی، سەرەڕای هەڵیت و پڵیتەکانی بەرپرسانی ڕژێم سەبارەت بە نەبوونی ئەگەری هاوکاری لەگەڵ ئەمریکا و بەردەوامبوون لە پیتاندنی یۆرانیۆم و پەرەپێدانی دروستکردنی مووشەک بە مەودای بەرزتر، زۆرێک لە نیشانەکان ئەوە دەردەخەن کە هەنگاوی پشتی پەردەی کۆماری ئیسلامی بۆ دەستپێکردنەوەی وتووێژ لەگەڵ ئەمریکا لە ئارادایە. لەمبارەیەوە، فاتمە موهاجرانی، وتەبێژی حکوومەتی پزیشکیان ڕایگەیاند کە "وەزارەتی دەرەوە هێندێک پەیامی بۆ

دەستپێکردنەوەی وتووێژەکان لەگەڵ ئەمریکا پێگەیشتووە"؛ ئەندامێکی نووسینگەی خامنەیی باسی لە دژایەتی نەکردنی ڕێبەر لەگەڵ بنەمای وتووێژی "زیرەکانە بۆ دوورخستنەوەی هەڕەشە" کردووە؛ ئیسماعیل بەقایی باسی لە بەردەوامیی ئاڵوگۆڕی پەیام لە ڕێگەی نێوەندگیرەکانەوە کردووە؛ مەجید تەختڕەوانچی، جێگری وەزیری دەرەوە بۆ گەیاندنی پەیام بە ئەمریکا، سەردانی سەڵتەنەتی عومان دەکات و جەواد زەریف داوا لە ئەمریکا دەکات سیاسەتی "تەسلیمبوونی بێمەرجی کۆماری ئیسلامی" وەلا بنێت و ڕوو لە وتووێژی ڕاستەقینە بکات

ئەم هەنگاوانە لە کاتێکدا دێن کە کۆماری ئیسلامی بە کردەوە بە پێشکەشکردنی یارمەتیی سەدان ملیۆن دۆلاری بە حیزبوڵڵای لوبنان و هەوڵدان بۆ چەکدارکردن و ڕێکخستنەوەی هێزەکانی ناسراو بە "میحوەری موقاوەمەت"، نەک هەر



ئەگەری وتووێژ ناهێڵێتەوە، بەڵکوو ڕۆژانە ژمارەیەکی زیاتر لە کەسایەتی و کۆمپانیا ناوخۆیی و دەرەکییەکان بەهۆی پێشێلکردنی گەمارۆکانی کۆماری ئیسلامی، دەخرێنە لیستی گەمارۆکانەوە. حکوومەتی ئیسلامی بەم هەنگاوانە بە کردەوە ئاو دەکاتە ئاشی سیاسەتە دواکەوتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانە ئورووپاییەکانی و ژیان و گوزەرانی کرێکاران و خەڵکی هەژاری ئێران زیاتر دەخاتە تەنگانە و گوشارەوە و لە هەمان کاتدا زەمینە بۆ هەڵگیرساندنی شەڕێکی تر لەلایەن حکوومەتی تاوانکار و جینۆسایدکەری ناتانیاهووەوە دژبە ئێران خۆش دەکات

هەڵوێستی شەڕخوازانەی خامنەیی لە کاتێکدایە کە پزیشکیان، سەرۆک کۆماری بێدەسەڵات، ڕۆژی پێنجشەممە ٢٢ی ڕەزبەر بە دان پێدانان بە بوونی ئاڵۆزی و ناکۆکیی قووڵ لەنێوان سەرکردەکان و ناوەندەکانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا وتی: "لە ئەگەری نەبوونی عەلی خامنەییدا، وڵات (بخوێنەرەوە کۆماری ئیسلامی) ڕووبەڕووی هەڵوەشانەوەی ناوخۆیی دەبێتەوە و پێویستی بە هێرشی ئیسرائیلیش نابێت"

بەڵام جیا لە ناکۆکییە قووڵە ناوخۆییەکانی نێوان بەرپرسانی باڵای حکوومەت و فەرماندەکانی سپای پاسداران، ڕژیمی گەندەڵ و دژە مرۆیی کۆماری ئیسلامی تەمەنی بەسەرچووە و دوور نییە ئەو کاتەی کە لەسەر بەستێنی پەرەسەندنی مانگرتن و ناڕەزایەتییەکانی کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێش و ڕاپەڕیوی ئێران، پێداویستییەکانی ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی لە ڕووی ڕێکخستن و پێکهێنانی ڕێبەریی سەرتاسەرییەوە دابین ببێت و ئەم ڕژیمە تاوانکارە بخرێتە زبڵدانی مێژووەوە

❊❊❊

## بەیادی ئاخێزی خەزەڵوەری ٩٨

# ئەو ڕاپەڕینەی پایەکانی حکوومەتی ئیسلامیی خستە لەرزە

ڕۆژی ٢٤ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٩٨ی هەتاوی، ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە ڕێگەی ڕاگەیاندن و بردنەسەرەوەی هاوکاتی نرخی بێنزین و خافڵگیر کردنی جەماوەری خەڵك، بەکردەوە، هەژارانی شار و لاوانی وەگیان هاتوو لە هەژاری و بێکاریی بەرەو ڕاپەڕین برد تا بە پێی نەخشەیەك کە لە پێشدا ئامادەی کردبوو، ڕاپەڕینەکەیان لە یەکەمین ساتەکاندا، وەحشیانە تێکبشکێنێ. کۆماری ئیسلامی دەیهەویست بە یەک ڕوژ، ئاگری تووڕەیی پنگ خواردووی بێبەشان خامۆش بکات و بە خەیاڵی خۆی کۆتایی بە "فیتنەی ئاژاوەگێڕان" بێنێت. بەڵام ڕاپەڕینی پەراوێزخراوان و هەژاران، بە شێوەیەکی سەرسوورهێنەر، سەرتاسەری بۆوە و ترسی مەرگی خستە ناو دڵی کۆماری ئیسلامیەوە، لێکدانەوەکانی ڕژیمی شێواند و بۆ جارێکی دیکە نیشانی دا کە چ ئاڵوگۆڕێکی مەزنی مێژوویی خەریکە لە ئێراندا شکڵ دەگرێت. ئاخێزی مانگی خەزەڵوەر و تەشەنە سەندنی برووسکەئاسای بۆ ١٩٠ شاری ئێران، دیاردەیەکی لەناکاو نەبوو. قەیرانی پێکهاتەیی سەرمایەداریی ئێران و دواهاتیماڵوێرانکەری سیاسەتی نیئۆلیبڕالیسمی ئابووریی تێکەڵ لەگەڵ دەسەڵاتی ئایینی و گەندەڵی و ڕانتخۆری و پانتایی بێ وێنەی هەژاری و فەلاکەتی ئابووری و ئەو بێبەشییە کۆمەڵایەتیانەی کە بەسەر زۆربەی خەڵکی ئێراندا سەپابوو، دەمێك بوو بەستێنە بابەتییەکانی ئەم ڕاپەڕینە کۆمەڵایەتیەی ئامادە کردبوو. گەڕانەوەی دووبارە و توند بوونەوەی گەمارۆ ئابوورییەکان، دابەزینی بەهای ڕیاڵ و هاتنەخوارەوەی توانای کڕینی کرێکاران و جەماوەری بێبەشی کۆمەڵگا ئەم بەستێنەی پتەوتر کرد و ڕەوتی ڕوو لە گەشەی مانگرتن و ناڕەزایەتیی کرێکاران، خەباتی سەرتاسەریی موعەلیمان و خانەنشینان، سەرهەڵدانی دووبارەی بزووتنەوەی خوێندکاری و حزووری شکۆداری ژنان لەم خەباتەدا، سەرهەڵدانی ئەم ئاخێزەی کردە حەتمی

ئاخێزی مانگی خەزەڵوەری ٩٨ لە درێژەی ئاخێزی مانگی بەفرانباری ٩٦دا، بزووتنەوەیەکی سیاسی لە پانتاییەکی بەرینتر و مەزنتردا بوو کە بێبەشانی شار و لاوانی بێکار و پەراوێزخراو، هێزی بزوێنەری بوون. ئەم ئاخێزە سەرتاسەرییە وەك هەموو بزووتنەوەیەکی بەهێزی سیاسی، بەشێوەی بابەتی، هاوسەنگیی هێزی بە قازانجی بزووتنەوەی ناڕەزایەتی دژبە ڕژیم گۆڕی و بەستێنێکی گونجاوتری بۆ گەشەی خەباتی ئابووری و سیاسیی کرێکاران و بزووتنەوە ناڕەزایەتیەکان، ئامادە کرد. ئەم ئاخێزە سەرانسەرییە بەستێنی گەشەی خەباتی ئابووری و سیاسیی کرێکاران و ئاخێزەکانی دواتری ئامادە و بەهێزتر کرد. ئەم ئاخێزەش هەروەك ئاخێزی مانگی بەفرانبار، نیشانی دا کە شەپۆلی خرۆشاوی خەباتی سیاسی، چلۆن دەبێتە بزوێنەری بەهێز بۆ خەباتی ئابووری و سیاسی و چلۆن ئاراستەی دەروونیی کرێکاران بۆ خەبات، پتەوتر دەکەن

ئەزموونی سەرتاسەریی مانگی خەزەڵوەر و بەشداریی لاوان و جەماوری کرێکار و زەحمەتکێش لەم ناڕەایەتییانەدا و هاوپشتیی سۆزداریان لە بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ هێزە سەرکوتگەرەکان، نیشانی دا کە ئەو ترسەی کە ڕژیم بە پشتیوانەی ماشێنی سەرکوت بەسەر کۆمەڵگادا زاڵی کردبوو،




جێگای خۆی داوە بە تووڕەیی و هاوپشتی و موقاومەت دژبە بەخۆی. بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەزەڵوەر، نیشانی دا کە لەناخی کۆمەڵگایەکدا کە پڕە لە خەبات و جموجۆڵ، چ ڕێبەران و ڕێکخەرانێك پەروەردە بوون و هاتوونەتە مەیدان. ئەم ڕاپەڕینە، بەستێنی گونجاوی بۆ پێکهێنانی تۆڕی پەیوەندی و خەباتی ڕێبەرانی مەحەلی و هەنگاو هەڵێنان بەرەو پێکهێنانی ناوەندی جەماوەری و شۆرایی، وەك ئۆرگانەکانی بەرەوپێش بردنی خەبات، خوڵقاند

ئاخێزی مانگی خەزەڵوەر لە بواری کۆمەڵایەتییەوە، ستراتێژی سیاسیی ئەو بەشە لە ئۆپۆزیسیۆنی بورژوایی ئێرانی دایە بەر ڕەخنە، کە لەسەر تێپەڕینی هێمنانە لە کۆماری ئیسلامی تەئکیدی دەکرد. ئەگەر ئاخێزی مانگی بەفرانباری ٩٦ بە دروشمی "ئیسڵاح تەڵەب، ئۆسوولگەرا، ئیتر تەواو بوو ماجەرا"، کۆتایی بە زاڵ بوونی دوو دەیە وتاری ڕێفۆرمخوازانی حکوومەتی بەسەر کەش و هەوای سیاسیی ئێران هێنا، ئاخێزی مانگی خەزەڵوەریش، زەربەیەکی بەتەوژمی لە وتاری تێپەڕینی هێمنانە و دژایەتی لەگەڵ شۆڕش لەژێرناوی سنووربەندی لەگەڵ توندوتیژی، دا. ستراتێژی سیاسی و ڕێکاری ئەم بەشە لە ئۆپۆزیسیۆنی بورژوایی، لەژێرناوی بەڕێوەبردنی ڕێفراندۆمی یاسای بنەڕەتی، بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنی ئازاد، بۆ دەست بەدەست

کردنی دەسەڵات لەسەرووی جەماوەری خەڵکەوە، زیاتر لە جاران کەمڕەنگ بۆوە. بەهۆی بەکارهێنانی ئەم ڕادەیە لە توندوتیژی حاکمانی دین وسەرمایە دژبە ناڕەزایەتیی ڕەوای هەژاران و لاوانی بێکار، زەرووڕەتی ئامادەبوون بۆ تێپەڕینی شۆڕشگێڕانە و کەڵك وەرگرتن لە قەهری شۆڕشگێڕانە بۆ شکستدانی دوژمنی پڕچەك، پتر لە ڕابردوو هۆگرایەتیی کۆمەڵایەتیی پەیدا کرد. بە ئاشکرا بوونی بنبەستی ستراتێژی تێپەڕینی هێمنانە، بەستێنی پێشڕەویی ستراتێژی ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی، کە پشت بەستوویە بە بزووتنەوەی کرێکاری و باقیی بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتیەکان، وەك کردەوەیەکی شۆڕشگێڕانە



بۆ زەوت کردنی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری لە بورژوازی، زیاتر ئامادە بوو

ئاخێزی مانگی خەزەڵوەر، بێبەشانی شار و لاوانی بێکار و پەراوێزخراوی لە شارە گەورە و چکۆلەکانی ئێران، هاوکات وەحەرەکەت خست. شارەکانی کوردستان و خوزستان کە لە ئاخێزی مانگی بەفرانباری ٩٦دا تا ڕادەیەك لە حەرەکەتی سەرتاسەری جیا کەوتبوون، لە ئاخێزی مانگی خەزەڵوەردا، هەر لە سەرەتاوە بەشێوەیەکی شکۆدار بەشداری ناڕەزایەتییەکان بوون. خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان لە پانتاییەکی کۆمەڵایەتیدا نیشانیان دا کە بەپێچەوانەی ئەو نوسخانەی کە حیزبە ناسیۆنالیستەکان بۆیان دەپێچن، بۆ ڕزگاری لە چنگ کۆماری ئیسلامی، ڕێگایەکیان بێجگەلە هاوپشتی لەگەڵ بزووتنەوەی سەرتاسەری، لەپێناو ڕووخاندنی ئەم ڕژیمە لەبەردەم نییە

یەکێك لە ئامانجە سەرەکییەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە کوشتاری نارازیان لە جەرەیانی ئاخێزی مانگی خەزەڵوەر، زاڵ کردنی کەش و هەوای ترس و تۆقاندن بەسەر کۆمەڵگادا و بەتایبەت چاوترسێن کردنی نەسڵی دوای دەیەی ٦٠ بوو. بەڵام ڕژیم بەم ئامانجەی نەگەیشت و شکستی خوارد. جەماوەری ئازادیخواز، بەم سەرکوتە خوێناوییە نە تەنیا چاوترسێن نەبوون بەڵکوو بە دەربڕینی تووڕەیی و ناڕەزایەتیی خۆیان دژبەو جەنایەتانەی کە ئەنجام دران، ترسیان خستە جەستەی ڕژیمەوە. ڕێك پاش ئەم جەنایەتانە، ڕێکخراو و ناوەندە جۆراوجۆرە کرێکارییەکان، خانەنشینان، موعەلیمان، نووسەران و هۆنەرمەندان، لە ناوخۆی ئێران لە ڕێگەی ڕاگەیاندن و بەیانییەی جۆراوجۆرەوە، ئەم جەنایەتانەیان مەحکووم کرد. پاش ئاخێزی مانگی خەزەڵوەر، مانگرتن و ناڕەزایەتیی کرێکاری بەردەوام درێژەی بوو. بزووتنەوەی خوێندکاری بە ئاکسیۆنە شکۆدارەکانی خۆی لە ڕۆژی ١٦ی سەرماوەز و لە گەمارۆی هێزەکانی دوژمندا، بە دەنگێکی ڕەساوە، جەنایەتەکانی ڕژیمی مەحکووم کرد و ڕایگەیاند کە بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە ئێران، بەم کوشتارە دڕندانەیە، چاوترسێن نابێت

بەڵام ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی مانگی خەزەڵوەریش هەروەك ئاخێزی مانگی بەفرانباری ٩٦، سەرەڕای فیداکاری و گیانبازیی بەڕێوەبەرانی و سەرەڕای هەموو دەستکەوتە مەزنەکانی، پاش یەك حەفتە، لە بەرینایی کەم بۆوە و نیشتەوە. جەماوەری خەڵک دەرفەتی ئەوەی نەبوو بەسەر گومانەکانیاندا زاڵ بن و لەئاستی ملیۆنیدا بەشداری ئەم ڕاپەڕینە بکەن. کرێکارانی کارخانە و ناوەندە گەورە سەنعەتیەکان کە بە خەباتی بەردەوامی خۆیان بەستێنە زەینییەکانی ئاخێزی خەزەڵوەریان ئامادە کردبوو، ئەمجارەشیان ئامادەی ئەوە نەبوون کە بە مانگرتنی هاوئاهەنگ و سەرتاسەریی خۆیان، لە ناوەندەکانی بەرهەمهێنانەوە، بە ڕاپەڕینی هاوچینەکانی خۆیان پەیوەست بن و ماشێنی سەرکوتی ڕژیم زەوینگیر کەن و بەستێنی مانگرتنی سیاسیی گشتی ئامادە بکەن و هەڵبەت ئەوەش یەکێك لە کەموکوڕی و خاڵە لاوازە سەرەکییەکانی ئەم ڕاپەڕینە بوو. لەڕاستیدا ڕاپەڕینی خەزەڵوەر، تەنیا گۆشەیەك لە هێزی خۆی هێنایە مەیدان و ئامادەی نەبەردی نیهایی نەبوو. خوێنڕێژانی کۆماری ئیسلامی بە کوشتنی پتر لە هەزار و ٥٠٠ کەس لە لاوانی خەباتکار و بریندار کردن و دەستبەسەر و زیندانی کردنی چەندین هەزار کەس، ئەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەیەیان ناچار بە پاشەکشە کرد. سەرانی ڕژیمی ئیسلامی بەخەیاڵی خۆیان توانییان لەڕێگەی سەرکوتی خوێناوی و بە یارمەتیی ڤایرۆسی کوشندەی کۆرۆنا، نیزامە جەنایەتکارەکەیان لە ژێر گوشاری بزووتنەوەی دادخوازی دژبە کوشتاری مانگی خەزەڵوەر ڕزگار بکەن، بەڵام لە قووڵایی کۆمەڵگادا، ڕاپەڕینێکی بەهێزتر شکڵی گرت. بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی کە بەناوی ڕەمزی ژیناوە دەستی پێکرد و هەروا بەشێوازی جۆراوجۆر درێژەی هەیە، سەلمێنەری ئەم حەقیقەتە

***

## کۆماری ئیسلامی لە هەوڵی «سازشێکی ئابڕوومەندانە» لەگەڵ ئەمریکادا

ڕۆژی پێنجشەممە ٢٩ی خەزەڵوەر، دوو بڕیارنامە، یەکیان لە شۆڕای حوکامی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی و ئەوی دیکە لە کۆمیتەی سێیەمی کۆبوونەوەی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، دژی کۆماری ئیسلامی پەسەند کران. بڕیارنامەی یەکەم لەلایەن چوار دەوڵەتی فەڕانسە، ئاڵمان، بریتانیا و ئەمریکاوە و لەسەر بنەمای ڕاپۆرتی ئاژانسی



نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی سەبارەت بە هاوکارینەکردنی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەو ئاژانسە بۆ دەستپێڕاگەیشتن بە ناوەندە ئەتۆمییەکانی کۆماری ئیسلامی و نەبوونی دەرفەتی ڕاستیئازمایی بۆ ئۆرانیۆمی پیتێندراو بە ڕێژەی ٦٠ لەسەد و سەرووتر، ئاراستە کرابوو. ئەم بڕیارنامەیە داوا لە کۆماری ئیسلامی دەکات بەپەلە و بەتەواوەتی لەگەڵ ئەم ڕێکخراوەیە هاوکاری بکات و بەپێی پرۆتۆکۆلی پاشکۆ (الحاقی) کە کۆماری ئیسلامی واژۆی کردووە، زانیاریی ورد و تەواو بخاتە بەردەم پشکنەرانی ئەم ڕێکخراوەیە و ڕێگەیان پێ بدات دەستیان بە ناوەندە ئەتۆمییەکانی کۆماری ئیسلامی ڕابگات؛ کارێك کە لە ڕوانگەی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمییەوە ماوەیەکی زۆرە دواخراوە و دەبێ دەستبەجێ ئەنجام بدرێت. لە بڕیارنامەکەدا جەختی کراوەتەوە کە: "بەپێی بڕیارە نێونەتەوەییە بووژاوەکان لە سێپتەمبەری ٢٠٢٥ەوە، کۆماری ئیسلامی ئەرکدارە سەرجەم چالاکییە پێوەندیدارەکان بە پیتاندنی ئۆرانیۆم و دووبارە دەرهێنانەوە، لەوانەش توێژینەوە و پەرەپێدانی پرۆژەکانی ئاوی قورس، ڕابگرێت." نەجەفی، نوێنەری کۆماری ئیسلامی لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە نووسینگەی ئەم ڕێکخراوەیە لە ڤییەن، دوای پەسەندکردنی ئەم بڕیارنامەیە وتی: "ئەمریکا و سێ وڵاتی ئورووپایی بە مەبەستی گوشار خستنەسەری لەڕادەبەدەر بۆ سەر ئێران و بە ڕەوایەتێکی هەڵە لە دۆخی ئێستا، ڕەشنووسی ئەم بڕیارنامەیەیان پێشکەش کردووە."

بڕیارنامەی دووهەمیش ڕۆژی پێنجشەممە ٢٩ی خەزەڵوەر

**بژی دەسەڵاتی شۆرایی خەڵك لە کوردستان**

لەسەر بنەمای ڕاپۆرتی "مای ساتۆ"، ڕاپۆرتدەری تایبەتی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری ئێران، پەسەند کرا. ئەم بڕیارنامەیە دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێرانی بە کارەساتبار وەسف کردووە و بەکارهێنانی بەرینی سزای سێدارەی لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە بە پێشێلکردنی بەڵێننامە نێونەتەوەییەکان ناو بردووە و بەتوندی ئیدانەی کردووە. لەو ڕاپۆرتەدا هاتووە کە لەسێدارەدانەکان لەسەر بنەمای دانپێدانانی زۆرەملێ، بەبێ دادگاییەکی دادپەروەرانە، بە شێوەی نهێنی و بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێشوەختەی پارێزەر و بنەماڵەکان لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە ئەنجام دەدرێن. کردەوەیەکی لەو چەشنە پێشێل کردنی پەیماننامەی نێونەتەوەیی مافە مەدەنی و سیاسییەکانە کە کۆماری



ئیسلامیش واژۆی کردووە. ئەم بڕیارنامەیە داوای لە کۆماری ئیسلامی کردووە کە جێبەجێکردنی سزای سێدارە بە گشتی ڕابگرێت و بە ئاراستەی هەڵوەشاندنەوەی تەواوەتیی ئەو سزایە لە یاسا و لە کردەوەدا هەنگاو بنێت. هەروەها ئەم بڕیارنامەیە داوای لە کاربەدەستانی ڕژیم کردووە هەموو جۆرە هەڵاواردنێک لەسەر بنەمای بیر و باوەڕ و ئایین بۆ سەرجەم کەمینەکان وەلا بنێن. هەڵبەت ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە دەیەی ٧٠ی هەتاوییەوە ڕێگەی بە هیچ کام لە ڕاپۆرتدەرانی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان نەداوە بێنە ناو ئێران و ڕاپۆرت ئامادە بکەن

دەرکردنی ئەم بڕیارنامانە دژی کۆماری ئیسلامی لە کاتێکدایە کە کۆماری ئیسلامی و ئەمریکا لە چەند مانگی ڕابردوودا بە شێوەی ناڕاستەوخۆ و لە پشت پەردەوە سەرقاڵی ئامادەکاری بۆ دەستپێکردنەوەی دانوستانە پچڕاوەکانی نێوان هەردوولا بوون، کە بەدوای شەڕی ١٢ ڕۆژە و بۆمبارانی ناوەندە ئەتۆمی و مووشەکییەکانی ڕژیمدا ڕاگیرابوو. لەم پێوەندییەدا ترامپ ڕۆژی سێشەممە ٢٧ی خەزەڵوەر لە حزووری محەممەد بن سەلمان، شازادەی جێنشینی عەرەبستانی سعوودی، وتی: "کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی زۆر حەز دەکەن لەگەڵ ئێمە بگەنە ڕێککەوتن، ڕەنگە کاربەدەستانی ئێران لە ڕوواڵەتدا شتێکی دیکە بڵێن، بەڵام پێوەندیمان پێوە دەگرن و خەریکی ناردنی پەیامن بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن لەگەڵ ئێمە. ئێمە لە نهایەتدا ئەم کارە دەکەین". ترامپ بە ڕۆژنامەوانانی وت کە ئێمە لەگەڵ ئەوان لە حاڵی گفتوگۆداین و پرۆسەیەکمان دەست پێ کردووە

هەڵبەت کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیش ناڕاستەوخۆ و بە شێوازی جۆراوجۆر دانوستان لەگەڵ ئەمریکا پشتڕاست دەکەنەوە. قسەکانی عەلی خامنەیی واتە: "لەگەڵ ئەمریکا دانوستان ناکەین چونکە هیچ سوودێکی بۆ ئێمە نییە و هیچ کێشەیەکی ئێمە چارەسەر ناکات"، تەواو چەواشەکارانەیە و تەنیا بۆ تۆمارکردن لە مێژوودایە. کەمال خەڕازی، ڕاوێژکاری کاروباری نێونەتەوەیی ناوبراو، ڕۆژی چوارشەممە ٢٨ی خەزەڵوەر لە گفتوگۆ لەگەڵ تەلەڤیزیۆنی "سی ئێن ئێن" وتی کۆماری ئیسلامی ئامادەی دانوستانە لەگەڵ ئەمریکا، بە مەرجێک لەسەر بنەمای ڕێزی بەرامبەر بێت و پرۆسەی دانوستانەکان لە پێشەوە ئامادە بکرێت. ئەو لە پەیامێکدا داوای لە ترامپ کرد بە ڕوانگەیەکی ئەرێنییەوە بەرامبەر ئێران دەست پێ بکات و لە پەنابردن بۆ هێز خۆی بپارێزێت

لە لایەکی دیکەوە، ڕۆژێک بەر لە سەفەری محەممەد بن سەلمان بۆ ئەمریکا، مەسعود پزیشکیان نامەیەکی بەنووسراوی بۆ ناوبراو نارد. بە بڕوای چاودێرانی سیاسی، ناوەڕۆکی ئەم پەیامە ئاماژەیە بۆ مەیلی کۆماری ئیسلامی بۆ دانوستان لەگەڵ ئەمریکا و داواکارییەکە لە بن سەلمان تا بۆ مسۆگەرکردنی سازشێکی ئابڕوومەندانە، ڕاسپاردەی پێویست بە ترامپ بدات. ئەم بابەتە لە قسەکانی شازادەی جێنشینی عەرەبستان لە دیدار لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان ئاشکرا بوو. ناوبراو ڕایگەیاند کە: "ئێمە هەموو هەوڵی خۆمان دەخەینە گەڕ تا دەگەینە ڕێککەوتنێک لە نێوان ئەمریکا و ئێران. چونکە بە قازانجی تارانە کە لەگەڵ ئەمریکا بگاتە ڕێککەوتن"

بەڵام ئاشکرایە کە ئێستا کۆماری ئیسلامی لەچاو دە ساڵ لەمەوبەر کە ڕێککەوتنی بەرجام واژۆ کرا، لە بەرامبەر ئەمریکا و ڕکابەرە ناوچەییەکانیدا، لە هاوسەنگییەکی هێزی زۆر نالەبارتردایە. سیاسەتی ستراتیژیی ناوچەیی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تووشی شکست بووە؛ لە شەڕی دوازدە ڕۆژەدا سیستەمی بەرگری و توێژێک لە فەرماندەکان و ئیعتیباری دەزگای ئەمنیی خۆی لەدەست دا، لە بەرامبەر بۆمبارانی ناوەندە ئەتۆمی و مووشەکییەکانی خۆی لەلایەن ئەمریکاوە نەیتوانی کاردانەوەیەکی کاریگەر نیشان بدات؛ لە ئاستی نێوخۆشدا بەرەوڕووی قەیرانی قووڵی سیاسی و ئیفلاسی ئابووری بووەتەوە و گرانی و هەژاری، نەهامەتییەکی بێوێنەی بەسەر زۆرینەی خەڵکی ئێراندا سەپاندووە و توانایی دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیانی کۆمەڵگە وەک نان، ئاو، کارەبا، سووتەمەنی، تەندروستی و پەروەردەی نییە؛ لەوەش گرنگتر لە کاتێکدا کە توانایی وڵامدانەوەی بە داخوازیی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و جەماوەرییەکان نییە، گەشە و پەرەسەندنی مانگرتن و ناڕەزایەتییە کرێکاری و جەماوەرییەکان بووەتە ئەمرێکی حاشاهەڵنەگر. لە ئاوا دۆخێکی نابەرابەری هاوسەنگیی هێزدا، کۆماری ئیسلامی شکستی لە بەرامبەر گوشارەکانی ئەمریکا قبووڵ کردووە و بە شوێن دەستڕاگەیشتن بە «سازشێکی ئابڕوومەندانە»وەیە. لەبەر ئەوەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی هێشتا توانای سەرکوتکردنی خۆی پاراستووە و ماشێنی سەرکوتەکەی لە جووڵە نەوەستاوە، سازش لەگەڵ کۆماری ئیسلامی کە دەستی لە زێدەخوازییەکانی هەڵگرتبێ، بۆ ئەمریکاش دڵخوازە. بێگومان، تەنیا درێژەدان و پەرەسەندنی بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە، و پێشڕەوی لە بواری ڕێکخستن لەسەر بەستێنی درێژەی ئەم بزووتنەوانە و شکڵدان بە ڕێبەرییەکی سەرتاسەری بە ئاسۆی شۆڕشگێڕانە و سۆسیالیستییەوەیە کە دەتوانێت ئەم هاوکێشانە لە بنەڕەتەوە بگۆڕێت

❊❊❊

# ڕاگەیەندراوی شورای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان بە بۆنەی ٢٥ی نۆڤەمبر

٢٥ی نۆڤەمبر ڕۆژی خەبات و بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنانە. بەرزڕاگرتنی ئەم ڕۆژە بۆ وەبیرهێنانەوەی ئەو حەقیقەتەیە کە ملیۆنان ژن لەئاستی ئێران و جیهاندا، ڕۆژانە ڕووبەڕووی شێوازە جۆراوجۆرەکانی توندوتیژیی جەستەیی، دەروونی، ئابووری و یاسایی دەبنەوە. ئەم ڕۆژە، هاوارێکی بەکۆمەڵە دژ بە نەزمێک کە توندوتیژی دژی ژنانی کردووەتە مەرجی مانەوە و بەردەوامیی خۆی. بەپێی ڕاپۆرتە نێونەتەوەییەکان، لە هەر سێ ژن لە جیهاندا، لانیکەم یەکیان جارێک توندوتیژیی جەستەیی یان سێکسیی ئەزموون کردووە. لە ئێرانیشدا، توێژینەوە و ئامارە فەرمییەکان دەریدەخەن کە زیاتر لە ٦٥٪ی ژنان، شێوە یان جۆرێک لە توندوتیژیی خێزانی، کۆمەڵایەتی یان ئابوورییان بەسەر هاتووە. ئەم ئامارانە بە ڕوونی ئەوە دەسەلمێنن کە توندوتیژی دژی ژنان، سازوکارێکی هەمیشەیی و بەردەوامە بۆ پاراستنی نەزمی چینایەتی و پیاوسالاری. توندوتیژی دژی ژنان خۆی بەشێوازی جۆراوجۆر و بەربڵاو نیشان دەدات: لە سووکایەتی و بێڕێزی، هەڕەشە، لێدان و ئەشکەنجە، ئازار و دەستدرێژی سێکسی، هاوسەرگیریی زۆرەملێ و بەشوودانی منداڵانەوە بگرە، تا بێبەشکردن لە مافی کار، خوێندن، هەڵبژاردنی جلوبەرگ و کۆنترۆڵکردنی جەستەی ژن

لە ساڵی ١٤٠١دا، لانیکەم ٩ هەزار هاوسەرگیری بۆ کچانی خوار تەمەن ١٤ ساڵ تۆمار کراوە؛ ئەمە واتە بەیاساییکردنی توندوتیژی دژی منداڵان و گۆڕینی جەستەی کچان بۆ موڵکی خێزان و دەسەڵات. سیاسەتە یاسایی و قەزاییەکانی کۆماری ئیسلامی، وەک دەسەڵاتێک کە بناغەکەی لەسەر پیرۆزکردنی خاوەندارێتیی تایبەت و شەریعەتی ئیسلام دامەزراوە، هۆکاری سەرەکیی ئەو توندوتیژییە بێئەژمارانەیە کە دژ بە ژنانی ئێران ئەنجام دەدرێت. لە یاساکانی دیە و قیساسەوە بگرە تا یاسای خێزان و سیاسەتەکانی پەیوەست بە دانیشتووان، سەرجەمیان پێکهاتەیەکی دژەژنیان هەیە و ژێردەستەیی یاسایی و ماددیی ژنان بەڕوونی نیشان دەدەن. ڕێژەی بەشداریی ئابووریی ژنان لە ئێراندا لە ساڵانی ڕابردوودا لەژێر ١٥٪ ماوەتەوە، کە یەکێکە لە نزمترین ڕێژەکان لە جیهاندا؛ ئەمە لە کاتێکدایە کە ڕێژەی بێکاریی ژنانی گەنج دوو بۆ سێ هێندەی پیاوانە. لە پاڵ ئەمەشدا، زیاتر لە سێ ملیۆن ژنی سەرپەرستی خێزان لەژێر گوشاری لەڕادەبەدەری توندوتیژیی ئابووری، بێکاری، هەڵاواردن و هەژاریدان. "ناقص‌سازی" یان خەتەنەکردنی ژنان، ئەو کردەوەیەی کە تێیدا بەشێک لە ئەندامی جنسی کچان و ژنان دەبڕدرێت و لەژێر ناوی "سوننەت"، "پاکداوێنی" یان "پاراستنی نامووس" پاساوی بۆ دەهێنرێتەوە، یەکێکە لە وەحشیانەترین شێوەکانی توندوتیژی دژی ژنان. ئەم کردەوەیە، کە لە هەندێک ناوچەی ئێران بەتایبەت لەنێو کچانی کەم تەمەندا ئەنجام دەدرێت، نە دابونەریتێکی بێزیانی ناوچەیی، بەڵکوو جۆرێکە لە شێواندنی جەستە و پەلامارێکی ڕاستەوخۆیە بۆ سەر مافی ژن بەسەر جەستە، چێژ، تەندروستی و مرۆڤایەتیی خۆیەوە

ستەمی ڕەگەزی و چەوسانەوەی چینایەتی بە شێوەیەکی ئاڵۆز تێکەڵ بە یەک بوون. سەرمایەداری بۆ کەڵەکەکردنی قازانجی خۆی پێویستی بە هێزی کاری هەرزان و گوێڕایەڵ هەیە و سیستەمی پیاوسالاریش، ئامرازی ئایدۆلۆژیک و ماددیی ئەم ملکەچبوونە دابین دەکات. لە ئێران، ٤٣٪ی ژنانی لەسەرکار و شاغڵ لە کەرتە نافەرمییەکان و بەبێ بیمە کار دەکەن و ٣٥٪ی ژنانی شاغل، ئازاری سێکسی یان زارەکییان لە ژینگەی

کاردا ئەزموون کردووە. بۆشایی حەقدەست لەنێوان ژنان و پیاواندا بەشێوەی مامناوەند ٢٥ تا ٣٥ لەسەدە؛ ئەمەش یانی ژن نەک تەنیا لە ماڵەوە، بەڵکوو لە کارخانە، ئیدارە، کارگە، قوتابخانە و نەخۆشخانەشدا بە چەند قات زیاتر دەکرێتە ئامانجی چەوساندنەوە. کاری نێو ماڵ، کە بەزۆری لەسەر شانی ژنانە، لە چاودێریکردنی منداڵان و بەساڵاچووانەوە تا خواردن دروستکردن و خاوێنکردنەوە، بەهایەکی بەرامبەر بە ٣٠ تا ٤٠٪ی بەرهەمی ناخالسی ناوخۆیی هەیە، بەڵام نە دەبینرێت، نە کرێی پێ دەدرێت و نە وەک کار بە ڕەسمی دەناسرێت

زیاتر لە ٧٠٪ی ژنانی قوربانیی توندوتیژیی خێزانی، سەر بە چینی کرێکار و توێژە کەمدەرامەتەکانن. تێچووی ئابووریی توندوتیژی دژی ژنان لە ئاستی جیهانیدا ساڵانە نزیکەی ١.٥ تریلیۆن دۆلار مەزەندە دەکرێت؛ بەهایەک کە لە ڕاستیدا جەماوەری زەحمەتکێش، لەوانە ژنانی کرێکار و هەژار، دەبێ بیدەن. گەمارۆکان، هەژاری و پەرەسەندنی توندوتیژیی سیاسەتە ئیمپریالیستییەکان، شەڕەنگێزی کە تێیدا دەستدرێژی بۆ سەر ژنان وەک ئامرازێک بۆ خۆسەپاندن و زاڵبوون بەکار دەهێنرێت و گەمارۆ ئابوورییەکان، کە بە ناوی "گوشار بۆ سەر حکوومەت" دەسەپێنرێن، بەکردەوە گوشارەکانی سەر ژیانی کرێکاران و زەحمەتکێشان، بەتایبەت ژنانی چەندین بەرابەر کردووەتەوە. ڕاپۆرتەکان دەریدەخەن کە گەمارۆکان لە ئێراندا ڕێژەی هەژاریی ژنانی سەرپەرستی خێزانی نزیکەی ٤٠٪ بەرز کردووەتەوە. کەمکردنەوەی بودجەی تەندروستی و پەروەردە، گرانیی بێسنوور و بێکاریی بەربڵاو، ژنان زیاتر لە جاران دەخاتە بەر مەترسیی توندوتیژیی خێزانی، لەشفرۆشی و وازهێنان لە خوێندن. توندوتیژی دژی ژنان تەنیا مەسەلەیەکی "ژنانە" نییە، بەڵکوو مەسەلەیەکی سەرتاپا چینایەتی و کۆمەڵایەتییە

ئەوەی بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریی ژنان گرنگە ئەوەیە کە ڕزگاریی ژنان بەبێ ڕزگاریی چینی کرێکار و جەماوەری چەوساوە مەحاڵە، هەر وەک چۆن هیچ شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی بەبێ بەشداریی ئاگایانە و یەکسانی ژنان سەرکەوتوو نابێت. ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی ژینا نیشانی دا کە خەبات دژی توندوتیژیی ڕەگەزی دەتوانێت ببێتە هێزێک بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ تەواوی نەزمی سەرمایەداریی ئیسلامیی دەسەڵاتدار. ژنانی ئێران ئەم ئاگاییە ڕزگاریخوازانەیان بە ئاسانی بەدەست نەهێناوە، بەڵکوو نزیکەی پێنج دەیە خەباتی هاوکات و ڕۆژانەیان دژی دەسەڵاتی دڕندەی سەرمایەداریی ئیسلامی بەرەوپێش بردووە. خەباتێک کە نەک تەنیا زەربەی قورسی لە کۆماری ئیسلامی داوە، بەڵکوو ناچار بە پاشەکشەشی کردووە

شورای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان لەسەر ئەو باوەڕەیە کە پەیوەندیی ئاگایانە و ڕێکخراوی بزووتنەوەی ڕزگاریی ژنان لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری، بزووتنەوەی مامۆستایان، خوێندکاران، خانەنشینان، بێکاران و ستەملێکراوانی نەتەوەیی و ئایینی، مەرجی بنەڕەتیی شکاندنی بازنەی توندوتیژی و چەوسانەوەیە. هەر مانگرتنێکی کرێکاری بۆ حەقدەستێکی دادپەروەرانە، هەر کۆبوونەوەیەکی مامۆستایان بۆ خوێندنی خۆڕایی و یەکسان، هەر ناڕەزایەتییەکی خوێندکاری دژی سەرکوت و هەر جووڵەیەک دژی هەژاری و هەڵاواردن، کاتێک دەبێتە هێزێکی ڕاستەقینە بۆ گۆڕانکاری کە توندوتیژی دژی ژنان بە ڕەسمی بناسێت و دژی بوەستێتەوە. لەم ڕووەوە، بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان ئەرکی سەرشانی هەموومانە. پێویستە ئێمەی کرێکاران، لاوان، خوێندکاران، مامۆستایان، خانەنشینان و ئازادیخوازان، بێدەنگی لەئاست توندوتیژی دژی ژنان لە ماڵەوە، شوێنی کار، قوتابخانە و زانکۆ تێکبشکێنین

کۆمیتەکان، هستەکان و شوراکانی ڕزگاریی ژنان لە شوێنی کار و گەڕەکەکاندا ڕێکبخەین. دژی هەموو جۆرەکانی توندوتیژی، لە لێدان و قەتڵی نامووسییەوە بگرە تا ناقس کردنی جنسی، بەشوودانی منداڵان و هەڵاواردنی یاسایی و ئابووری، کەمپەینی پەیگیر و ئاشکرا وەڕێ بخەین. هاوپشتیی نێوان بزووتنەوەی ڕزگاریی ژنان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە بەهێز بکەین و خەبات دژی توندوتیژیی ڕەگەزی بکەینە بەشێکی دانەبڕاو لە خەبات دژی سەرمایەداری و پیاوسالاری. ڕزگاریی ژنان لە توندوتیژی، لە گرەوی ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی موناسباتی چینایەتی و پیاوسالاریدایە. ئاڵای خەبات دژی توندوتیژی بەرامبەر ژنان، ئاڵای خەباتە بۆ کۆمەڵگایەک کە تێیدا هیچ مرۆڤێک بەهۆی ڕەگەز، چین، نەتەوە، مەیلی جنسی یان باوەڕی خۆیەوە سووکایەتی پێ نەکرێت، سەرکوت نەکرێت و جەستەی نەشێوێنرێت. کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستی کە تێیدا مرۆڤ و کەرامەتی مرۆڤ سەرەکیترین بێت، نەک قازانج و دەسەڵاتخوازی

**بژی خەباتی ڕێکخراو دژی توندوتیژی بەرامبەر ژنان!**

**بڕووخێ کۆماری ئیسلامی!**

**بەرقەرار بێ دەسەڵاتی شۆرایی!**

**بژی سۆسیالیزم!**

**شورای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان**

١ی سەرماوەزی ١٤٠٤ – ٢٢ی نۆڤەمبری ٢٠٢٥

❊❊❊




**کاتی دەسپێکی بەرنامەکانی تەلەڤیزیۆنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە بە کاتی تاران :**

دەسپێکی بەرنامەکان، ١٦:٣٠ ، چوار و نیوی ئێوارە
دوپاتەی دەوری ئەوەڵ، ٢٢:٣٠، دە و نیوی شەو
دوپاتەی دەوری دوهەم، ٤:٣٠، چوار و نیوی سەر لە بەیانی
دوپاتەی دەوری سێهەم، ١٠:٣٠، دە و نیوی بەیانی

**پێشـــــــڕەو**

ئۆرگـانی کومیتەی ناوەندی کۆمـــەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

**نوێنە رایە تیی کۆمە ڵە لە دە رە وە ی وڵات**
representation.of.komala@gmail.com

**ئیمەیلی دەفتەری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزب**

international@cpiran.org

**دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**
dabirxane.cpi@gmail.com

**ژمارەکانی پەیوەندی لەگەڵ تەشکیلاتی شارەکانی کوردستانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

٠٠٤٦٧٦٠٨٥٤٠١٥
٠٠٤٧٩٩٨٩٥٦٧٤
٠٠٤٣٦٦٠١١٩٥٩٠٧